https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.169

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕێکارەکانی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن لە کردەی بەرهەمهێنانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا

م. کاروان عبدالله محمد

(qi.ude.lusvinu@dammahum.nawrak)

پ. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید

( qi.ude.lusvinu@deeasamah.takazan)

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ لایەنی ئابووریی ڕاگەیاندن لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان دا، لەو سۆنگەیەوە کە باربۆکردنی ئابوورییەکی تۆکمە، مایەی هێنانەدیی و بەردەوامیی و دامەزراویی هەر دەستگایەکی ڕاگەیاندنە. ئەمەش لەڕێی لێکۆڵینەوە و پێجۆری هۆکار و گرنگییەکانی بازاڕی ڕاگەیاندنەوە، هەتا بە هۆیانەوە بتوانرێت هەلی ڕەخساوی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن مسۆگەر و بێچارە (حەتمیی) بن بۆ فەراهەمکردنی بوودجەی پێویست و بەردەوام لە سالانی دارایی دامەزراوەکەدا. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە ١٠ دامەزراوەی ڕاگەیاندن و نموونەپشکنینەکەش (سامپڵ) ١٠ بەڕێوەبەری گشتیی و سەرۆکبەشەکانی کەناڵەکانە لەهەر دەستگایەکی ڕاگەیاندن. بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمێکی پڕ لە پرسیار و، ڕا و بۆچوون درووستکراوە و ئاراستەیان کراوە. بۆ شیکارکردنی ڕاپرسییەکان و دیاریکردنی ڕێکارەکانی خستنەگەڕ و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی باربۆکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، ڕێبازی ڕووپێویی بەکارهێنراوە. لە گرنگترین ئامانجەکان ئەوەیە، کە تەنها سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ریکلامیی بازرگانیی (ڕاستەوخۆ) و (ناڕاستەوخۆ) یە بە ڕێژەی ٤٥٪ کە ئەمە گەورەترین گرفتە و کەمترین بەشداریی زیندەگیی حوکومەت و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. زیاتر لەمەش، هییچ ڕێکارێکیشیان بەیان نەکردووە کە حوکومەت وەک سەرچاوەی باربۆکردن چالاک بکەن. بەڵکو، ئەوەی زیاتر بۆ خاوەندارێتیی کاری لەسەر دەکرێت پاراستنی بەرژەوەندیی و ئەجێندای کەسایەتیی سیاسیی و بازرگانیی و پاشان حزبەسیاسییەکانە کە ڕێژەی ٧٠٪ و ٣٨٪ یەک لەدوای یەک، هەرچیی متمانکردن بێت لەسەر هاوکاریی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە وەک وەرگران (٢٤٪) و کەسایەتیی سیاسیی و بازرگانیی (١٦٪) و کۆمپانیاکان (١٦٪) زۆر کەمن و مایەی دڵنیایی بەردەوامبوون و بەرەوسەندن نیین. هەرچیی بەرنامە و فرۆشییەکان و بەشداریی یوتییوبی ڕێژەکانیان زۆر نزمن و ئومێدبەخش نیین. زیاتر لەوەش کە بەڕێوبەرانی دامەزراوەکان لە وەڵامی فۆرمی ڕاپرسیی دا بەیانیانکردوە، بەرێژەی ٤٦٪ ی دامەزراوەکان ڕێکاری پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکان دەگرنەبەر، کە ئەمە سەربەخۆیی و ئازادیی دەستگا ڕاگەیاندنەکان و پەیامەکانیان کەم دەکاتەوە. دواجار توێژژینەوەکە هەتەرە لەسەر توێژینەوەی زیاتر بۆ بەتەنگەوەهاتنی ئەم کەرتە گرنگە، بۆ دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی سەر بوودجە و فەراهەمکردنیان وەک خاوەندارێتیی و بازاڕکاریی و کارکردنی کەناڵەکانی وەک یوتییوب، کە هەندێکیان لە توێژینەوەی داهاتووتری توێژەردا بەهەندوەرگیراون.

**کلیلە وشەکان: ئابووریی ڕاگەیاندن، بازاڕکاریی ڕاگەیاندن، پەیامسازیی، سەرچاوەی باربۆکردن، خاوەندارێتیی ڕاگەیاندن.**

Recieved: 30/6/2022
Accepted: 23/8/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەكیی

مشـتومڕی ئابووریـی ڕاگەیانـدن ئەوەیـە كـە چـۆن بەڕێوەبەرانـی ڕاگەیانـدن، سـەرچاوە داراییـەكانی بەردەسـت بەكاردەهێنـن بـۆ دابینكردنـی پێداویسـتییەكانی زانیاریـی و كات بەسـەربردنی وەرگرەكانیـان، ئـەم زانسـتە بەدواداچـوون بـۆ ئـەو هۆكارانـە دەكات كـە كاریگەرییـان لەسـەر بەرهەمهێنانـی خزمەتگوزاریـی و كاڵای ڕاگەیانـدن و تەرخانكردنـی ئـەم بەرهەمانـە بـۆ بەكاربـردن هەیـە، دامـەزراوەكانی ڕاگەیانـدن بـۆ باربۆكـردنی خۆیـان سـەرچاوەی جیـاواز بەكاردەهێنـن و بـۆ چالاككـردن و پەرەپێـدانی هەرسـەرچاوەیەكیش ڕێـكاری جیـاواز دەگرنەبـەر. (محسـنی، صلواتیـان، ١٣٩٤ هەتـاوی، ١١٧)

دامـەزراوەكانی ڕاگەیانـدن لەگـەڵ بەرهەمهێنـانی تەلەفزیۆنیـی و ڕادیۆیـی و چاپەمەنیـی، كار لەسـەر دیجیتـاڵ میدیـا و كەناڵـی جۆراوجـۆری گەیانـدن دەكـەن، لەپێنـاوی بەدەسـتهێنانی داهـاتی زیاتـر، زیـاد لەمـەش ڕێكارگەلێكـی تـر دەگرنەبـەر بـۆ درووسـتكردنی كۆمپانیـای بەرهەمهێنـان و درووسـتكردنی ریـكلام، وابەسـتەیی بـە كۆمپانیـا بازرگانییـەكان بژاردەیەكـی تـری بـەردەم دامـەزراوەكانی ڕاگەیاندنـە لەپێنـاوی چالاككـردنی سـەرچاوەی باربۆكـردنی بەهێـز و پـڕ دەرامـەت. (كافـی، ٢٠١٤ زاینـی: ٥٢)

پرسـیارگەلێكی بنەڕەتیـی هـەن لـە باسـكردنی ئابووریـی ڕاگەیانـدن و خسـتنەكاری سـەرچاوەكانی باربۆكـردن دا، كـە هەمیشـە توێـژەران ئاڕاسـتەدەكەن. لەوانـە، ئایـا دامەزراوەیەكـی ڕاگەیانـدن كام ڕێـكار بگرێتەبـەر بـۆ ئـەوەی دەرگای سـەرچاوەكانی باربۆكـردن بـە ڕوویـدا بكرێتـەوە، چـۆن بینەرێكـی زۆرتـر بـۆ لای خۆیانـدا رابكێشـێت؟ چـۆن كێشـە داراییەكانـی چارەسـەر بـكات؟

گرنگـە بزانرێـت كامانـەن ئـەو ڕێكارانـەی كـە دامـەزراوەكانی ڕاگەیانـدن لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنـانی ڕاگەیانـدن دا دەیانگرێتەبـەر بـۆ چالاككـردن و پەرەپێـدانی سـەرچاوەكانی باربۆكـردنی وەك (ریـكلام، خاوەندارێتیـی، فرۆشـتنی بەرهـەم، هـاوكار كەسـایەتیی سیاسـیی و بازرگانیـی، هاوكاریـی هاوڵاتیـان ). ئەمـەش بـە ئامادەكـردنی فۆرمێكـی تایبـەت و دابەشـكردنی بەسـەر ١٠ دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن و پڕكردنـەوەی لەلایـەن بەڕێوەبـەرە گشـتییەكان و بەڕێوەبـەرانی بـەش و كەناڵـەكانی ئـەو دامەزراوانـە، جگـە لـەوەی سـەرچاوە بەكارهاتـووەكانی باربۆكـردن لـە دامەزراوەكـەدا خراونەتـەڕوو، ڕێـكارەكانی خسـتنەكاری ئـەو سـەرچاوانەش بەیانكـراون و پلەبەندییـان بـۆ كـراوە، هەتـا بزانرێـت بـۆ هـەر سـەرچاوەیەك گرنگتریـن ئـەو ڕێكارانـە كامانـەن كـە بـۆ خسـتنەكاری دەگیرێنەبـەر.

بەشـی یەكەمـی ئـەم توێژینەوەیـە لایـەنی میتـۆدی توێژینەوەكـە دیاریـدەكات و، بەشـی دووەمیـش لایـەنی تیۆرییـە كـە پێكدێـت لـە ناسـاندنی سـەرچاوەكانی باربۆكـردن لـە سـەرچاوە زانسـتییەكان دا. بەشـی سـێیەمیش خسـتنەڕووی ئـەو زانیارییانەیـە كـە لـە ئاكامـی فۆرمـی تایبـەت بـۆ دامـەزراوەكانی ڕاگەیانـد بەدەسـتخراون بـۆ دیاریكـردنی ریـكارەكانی خسـتنەكار و پەرەپێـدانی سـەرچاوەكانی باربۆكـردن.

## بەشی یەكەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەكە

### ١. تایبەتمەندییەكانی توێژینەوەكە

پێـش ئـەوەی دامەزراوەیەكـی ڕاگەیانـدن بـەدوای سـەرچاوە جۆربەجـۆرەكانی باربۆكردنـەوە بێـت، پێویسـتە ئـەو ڕێكارانـە بدۆزێتـەوە كـە چـۆن بتوانێـت هەریـەك لـەو سـەرچاوانەی كـە ڕاگەیانـدن دەتوانێـت بـۆ باربۆكـردن بەكاریان بهێنێـت و پەرەیـان پێبـدات و بیانخاتەگـەڕ. سـەرچاوەگەلێك لـە بـازاڕی ڕاگەیانـدن دا هـەن و ڕۆژ بەڕۆژیـش بەهـۆی

گۆرانکارییــە خێراکانــەوە ســەرچاوەی نــوێ دێنــە نێــو بــازاڕ، راگەیاندنەکانیــش لەنێــو بــازاڕدا بــەدوای وەرگــرەوەن و خواســتی خســتنەکاری ئــەو ســەرچاوانەیان هەیــە، کێشــەی توێژینەوەکــە لــەوەدا دەردەکەوێــت کــە دامەزراوەیەکــی راگەیانــدن بــۆ خســتنەکاری ســەرچاوەیەک پێویســتیی بــە رێــکاری جیــاواز هەیــە، رێکارەکانیــش زۆرن و پێویســتیان بــە پــەی پێــبردن و خســتنەکار هەیــە، زۆرێکیشــیان لەگــەڵ بەرهەمهــەکانی راگەیانــدن پەیوەندییــدارن، راگەیانــدن لــە پرۆســەی بەرهەمهێنانــدا پێویســتە پــەی بــەو رێکارانــە بەرێــت و، گرنگــە ئامانــج و بایەخــی توێژینەوەکــە هەبــن بــۆ گرتنەخــۆی کێشــەکان، لەوانــە:

+ خســتنەڕووی رێــکارە پێویســتەکانی خســتنەکار و پەرەپێــدانی هەریــەک لەســەرچاوەی باربۆکــردنی دامــەزراوەی راگەیانــدن لــە هەرێمــی کوردســتاندا.

+ ناســینی گرنگتریــن و کاراتریــن رێــکار بــۆ خســتنەگەڕی هەریــەک لــەو ســەرچاوانەی، کــە دامــەزراوەی راگەیانــدن لــە هەرێمــی کوردســتان پشــتی پێدەبەســتێت لــە ئابوورییــدا.

+ خســتنەڕووی رادەی بەکارهێنانــی ئــەو رێکارانــە بــۆ خســتنەگەڕی ســەرچاوەی باربۆکــردن لــە دامــەزراوەی راگەیانــدنی لــە هەرێمــی کوردســتان دا.

بایەخی ئەم توێژینەوەیەش لە چەند روانگەیەکەوە دەتوانرێت بخریتەڕوو، بەم شێوەیە:

+ بایەخــی زانســتیی: کارکردنێکــی زانســتییە بــۆ دیاریکردنــی رێــکارەکانی باربۆکــردن و پــەرەدان بــە ســەرچاوەکانی باربۆکــردن لــە دامــەزراوەی راگەیانــدن دا، کــە لایەنێکــی گرنگــی ئابووریــی راگەیانــدن لەخۆدەگرێــت. ئــەم جــۆرە توێژینەوانــە بەزمانــی کوردیــی و لــە ناوەنــدە زانســتییە کوردییەکانــدا کارکــردن تیایانــدا لــە ســەرەتادایە، لــە نێــو زانســتیی راگەیانــدن و زانســتی ئابووریــی دا، لــە کاتێکــدا لــەڕووی ئابوورییــەوە ســەرچاوەکانی باربۆکــردن لــە گەشــەداندان و رێــکاری زیاتــر دێنــە بــەردەم و کاریــان لەســەر دەکریــت.

+ بایەخــی پراکتیکیــی: چەنــدە راگەیانــدن بتوانێــت ســەرچاوەی دارایــی زیاتــر بخاتەگــەڕ و لەبەردەســتیدا بێــت، هێنــدە لــەکاری بەرهەمهێنانــدا بەهێزتــر و تەمــەن درێژتــر دەبێــت، بۆیــە لــەڕووی پراکتیکییــەوە هانــی دامەزراوەکانــی راگەیانــدن دەدات بــۆ کارکــردن لەســەر خســتنەگەڕی ســەرچاوەی نــوێ و زیاتــر و پەرەپێــدان بــەو ســەرچاوانەی کــە لــە بــازاڕی راگەیانــدن دا هــەن.

- بایەخــی توێژینــەوە بــۆ دامەزراوەکانــی راگەیانــدن: گرنــگ و بایەخــدارە کــە بزانرێــت ئــەو رێکارانــە کامانــەن کــە ســەرچاوەکان دەخەنــەکار، یــان ســەرچاوە دارییەکــەی بەهێزتــر دەکــەن بــە بەرهەمهێنــانی راگەیانــدن، ئــەم توێژینەوەیــەش کار لەســەر دەرخســتن و خســتنەڕووی ئــەو رێکارانــە دەکات کەســەرچاوەکانی باربۆکــردن بــۆ دامەزراوەیەکــی راگەیانــدن دەخەنــەکار.

بەڵام ئەم کێشە و بایەخانە بە پرسیارگەلێک دێنەڕوو، کە بتوانن راپرسییەکان تاوتوێ بکەن، لەوانە:

+ ئــەو رێکارانــە کامانــەن کــە دامــەزراوەکانی راگەیانــدن لــە هەرێمــی کوردســتان دەیگرنەبــەر بــۆ خســتنەگەڕ و پەرەپێــدانی هەریــەک لــەو ســەرچاوانەی کــە دەبــن بــە ســەرچاوەی باربۆکــردنی دامەزراوەکــە؟

+ ئایــا ئــەو رێکارانــەی کــە لــە بــازاڕی راگەیانــدن دا بــۆ خســتنەگەڕی هــەر ســەرچاوەیەکی باربۆکــردن پێویســتن و خواســتی وەرگرانیــان لەســەرە لــە دامــەزراوەی راگەیــانی کوردیــی دا کاریــان لەســەر دەکریــت؟

+ بــۆ هەریەکــە لــە ســەرچاوەکانی باربۆکــردن، بەهێزتریــن و کاراتریــن رێکاری خســتنەگەڕ و پەرەپێــدانی ســەرچاوەی باربۆکردن کامانــەن و چــۆن پێویســتە ئــەو رێــکارە بگیرێتەبەر؟

**٢-میکانیزمی توێژینەوە:**

ئـەم توێژینەوەیـە لـە جـۆری توێژینـەوەی وەسـفییە، ئامانجـی خسـتنەڕووی ئـەو ڕێکارانەیـە کـە پێویسـتن بۆ خسـتنەگەڕ و پەرەپێـدانی سـەرچاوەکانی داربۆکـردن لـە دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان.

هەروەهـا توێـژەر ڕێبـازی رووپێویـی بەکارهێنـاوە بـۆ دیاریکردنـی ڕێـکارەکانی خسـتنەگەڕ و پەرەپێـدانی سـەرچاوەکانی داربۆکـردن لــە دامەزراوەکانــی ڕاگەیانــدن و، بەتایبەتــی ئــەو ســەرچاوانەی کــە وەك ســەرچاوەی داهاتــی خۆیــان خسـتویانەتە گـەڕ و زیاتـر پشـتیان پێدەبەسـتن بـۆ دەسخسـتنی داهـاتی پێویسـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لەسـەرجەم دەسـتگا و دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن لەهەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش فۆرمـی تایبـەت پێکهێـنراوە بـۆ ئـەوەی بەڕێوەبـەرە گشـتیەکان و بەرپرسـی بـەش و کەناڵەکـەکان وەڵامـی پرسـیارەکانی نـاوی بدەنـەوە.

لـە کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـەدا، سـنوورێک بـۆ بـواری مرۆیـی و شـوێن و کات دانـراوە کـە توێژژینەوەکـە بایەخـی پێبـدات، کـە بەڕێوەبەرانـی بـاڵا و ناوەندیـی لـە دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن، لـە تەنهـا ١٠ دامـەزراوەی ڕاگەیاندنـی لەهەرێمــی کوردســتان وەرگیــراوە بەجۆرێــک بــۆ هــەر دامەزراوەیــەک ١٠ کــەس لــە بەڕێوەبــەرە گشــتییەکان و بەڕێوەبـەرانی بـەش و کەناڵـەکان وەک نموونـە وەرگیـراون و فۆرمـی توێژینەوەکەیـان پڕکردووەتـەوە. لـە مـاوەی نێـوان ٢٠٢٢/٣/١- ٢٠٢٢/٦/١٥، ئەمـەش نموونەیەکـی ناهەڕەمەکیـی مەبەسـتدارە، ئـەو دامەزراوانـەش خاوەنـی چەنـد کەناڵێکـی پەخشـن و لـە سـەندیکای ڕۆژنامەنوسـانی کوردسـتان تۆمارکـراون، کەبریتیـن لـە دامـەزراوەی (کوردماکـس، کۆمـەڵ، نالیـا، ڕووداو، گـۆڕان، سـپێدە، نێـت، وار، K٢٤، ئامۆژگاریـی)

هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەش بەم دیارییکراوییە، دەکرێت چەند هۆکارێکی هەبن وەک:

- نموونــەی توێژینەوەکــە هەریەکــە و خاوەنــی چەنــد کەناڵێکــی ڕاگەیاندنــن، ئەمــەش زیاتــر دەمانگەیەنێتــە ئامانـج.

- هەریەکە لە دامەزراوەکان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن کە دەبنە نموونەیەکی بچوککراوە.

- ئــەم دامەزراوانــەش لــە ڕووی خاوەندارێتییــەوە هەمــوو جــۆرە خاوەندارێتییەکانــی ڕاگەیاندنــی کوردیــی تێــدا بەدیدەکرێــن، وەك خاوەندارێتیــی (حزبیــی، ســێبەر، کەســیی، کۆمپانیــا، بازرگانیــی)

بـۆ دڵنیابـوون لەدرووسـتیی و زانسـتیبوونی ئامـرازی کۆکردنـەوەی زانیاریـی توێژینەوەکـە، توێـژەر (فۆرمـی ڕاپرسـیی) درووسـتکردووە و خسـتوویەتییە بـەردەم ژمارەیـەك لـە شـارەزا و پسـپۆڕان لـە بـواری ڕاگەیانـدن و ئابووریـی١، دوای پێداچوونــەوەی شــارەزایان و پســپۆڕان بــە فۆرمەکــەدا ســەرنج و تێبینییــەکان بەهەنــد وەرگیــراون، هەتاکــو ئــەو ئاسـتەی کـە فۆرمەکـە بـە گونجـاو زانـراوە بـۆ دابەشـکردنی بەسـەر نموونەپشـکنینی توێژینەوەکـەدا بـە جۆرێـك ڕێـژەی ڕاستگۆیی (الصـدق): ٩٣.٤ ٪ بـوو. ئەمـەش بـە بەکارهێنـانی هاوکێشـەی ڕاسـتی فۆرمەکـە بـەم شـێوەیەیە:

ڕاستگۆیی فۆرمەکە = ژمارەی بڕگە و پرسیارە پەسەندکراوەکان ÷ ژمارەی گشتیی بڕگەکان × ١٠٠

کەواتە ڕاستگۆیی فۆرمەکە = ٥٧ ÷ ٦١ × ١٠٠ = ٩٣.٤

---

١ . پ.ی.د. ابراهیـم سـەعید، پسـپۆڕی بـرواری ڕاگەیانـدن ، پ.ی.د.کاروان محمـد حسـن، پسـپۆڕی بـواری ڕاگەیانـدن، د. یوهـان عوسـمان، پسـپۆڕی بـواری ڕاگەیانـدن، م. فهمـی محمـد عەلـی، پسـپۆڕی بـواری ئابـوری.

## ٣. توێژینەوە پێشووەکان:

- توێژینەوەی (زوهرە جقریف) ٢

اقتصاد وسائل الاعلام فی الجزائر دراسة میدانیة حول مؤسستی «الخبر» و الشروق"

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر سەرچاوە ئابوورییەکان و سەرمایەی دامەزراوەکانی راگەیاندنی جەزائیریی، دامەزراوەکانی «الخبر» وە «الشروق» ی بەنموونە وەرگرتووە، پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کە ئەو سەرچاوە داراییانە چین کە دامەزراوەی راگەیاندنی جەزائیریی بەکاریاندەهێنێت بۆ باربۆکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی دامەزراوەکە و وەرگرتنی قازانج لە بازاڕی راگەیاندن دا. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی و ڕێبازی شیکاریی بەکارهێناوە لەڕووی چەندێتیی و چۆنێتییەوە، ئامرازی سەرەکیی توێژینەوەکەش چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەرپرسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی راگەیاندن و شیکاریی ئەو زانیاریانەی دەستکەوتووە لە چاوپێکەوتنەکانەوە، هاوکات شیکاری ئەو زانیاریانەی لەرێگەی راپۆرتی ژمێریاریی و راپۆرتە شیکارییەکان و فرۆش و خەرجیی بەرهەمەکانی راگەیاندن دەست توێژەر کەوتوون. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەش بریتیە لە: خستنەڕووی سەرچاوەی باربۆکردنی راگەیاندن و سەرچاوەکانی سەرمایەی دامەزراوەی راگەیاندن و ڕێکاری بەدەستهێنانی سەرمایە و داهات و خەرجی بەرهەمهێنانی راگەیاندن.

توێژینەوەکە لە ئەنجامەکانیدا ئاماژەی بەوەداوە کە راگەیاندنی چاپەمەنی جەزائیریی بۆ سەرچاوەی سەرمایەگوزاریی و داهاتی زیاتر پشتی بە فرۆشی بەرهەمەکانی بەستووە، بەو بەشدارییەی وەرگر هەیەتی لە کڕینی بەرهەمە چاپکراوەکان، ئەمەش بەهۆی قەیرانی کەمبوونەوەی خوێنەرو بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و کتێب و رۆژنامەی ئەلکترۆنیی بوو بە سەرچاوەیەکی داهاتی لاواز و کەم، ئەمەش وایکردووە کە راگەیاندنی چاپەمەنی لە سەرمایەگوزارییدا بکەوێتە قەیرانەوە. سەبارەت بە تەلەفزیۆن و بەرهەمهێنانی بەرنامە خۆشڕابوێرییەکان و سەرنجڕاکێشەکان، بەهۆی زۆریی بینەرەوە بوون بە سەرچاوەی داهات لەرێگەی پەخشکردنی ریکلامی بازرگانییەوە، بەمەش ریکلامی بازرگانیی ڕێکارێکی ئابووریی و زیادکردنی داهاتی دامەزراوەکانی راگەیاندنە.

- توێژینەوەی (سیاوش صلواتیان و مهدی محسینی)٣

مطالعات تطبیقی شیوەهای تأمینی مالی سازمانهای رسانە ای رادیویی و تلوویزیون عمومی و تحت مالکیت دولتی در دونیا

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر ٥٨ دامەزراوەی راگەیاندن کە خاوەنی رادیۆ و تەلەفزیۆنن لە ٤٨ وڵاتی جیاواز بەجێهێنراوە. زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە لەرێگەی وێبسایتە فەرمییەکان و راپۆرتی ژمێریاریی و یاداشت و راپۆرتی کاری رۆڵی دامەزراوەکان و شیکارە پەیوەستدارەکان بەو دامەزراوانە وەرگیراون.

میتۆد و ڕێبازیی توێژینەوەکەش توێژینەوەیەکی وەسفیی شکارییە و سوود وەرگیراوە لە شیکاری راپۆرتە

٢ . زوهرة جقریف، اقتصاد وسائل الاعلامي في الجزائر دراسة میدانیة حولة مؤسستي «خبر» و الشروق»، طۆظاری زانستي (العلوم النسانیة)، ذمارة ٤٧، ل ١٥-٢٧، ٢٠١٧.

٣ . سیاوش صلواتیان و مهدی محسینی، مگالعات تگبیقی شیوەهای تأمینی مالی سازمانهای رسانە ای رادیویی و تلوویزیون عمومی و تحت مالکیت دولتی در دونیا، توێژینەوەی ISC، گۆڤاری زانستی (رسانە ISC) ساڵی بیت و شەشەم، ژمارە ٤، ل٤٩-٧٢، ٢٠١٦

دارایــی و ژمێریارییەکانــی دامەزراوەکانــی ڕاگەیانــدن و ڕادیــۆ و تەلەفزیۆنەکانیــان، ئــەو شــیکارانەی پەیوەســتن بــە دامەزراوەکانــەوە لــە وێبســایت و ڕاگەیاندنــەکان و لایەنــە فەرمییــەکان و کاراکتــەری پشــت ســەرچاوەکانی باربۆکردنــی دامەزراوەکانــی ڕاگەیانــدن کــە وەك نموونــەی توێژینەوەکــە وەرگیــراون.

توێژینەوەکــە چەنــد پرســیارێکی کــردووە بــە بنەمــای کاری توێژینــەوە کــە گرنگترینیــان بریتیــن لــە (دامــەزراوە میدیاییــەکان بــۆ پارەدارکردنــی خۆیــان ســوود لــە چ ســەرچاوەیەکی باربۆکــردن وەردەگــرن؟ زۆربــەی ئــەو ســەرچاوانە کامانەنــە کــە زۆرینــەی تەلەفزیــۆن و ڕادیــۆکان بەکاریدەهێنــن بــۆ پارەدارکردنــی خۆیــان؟ چــۆن دامــەزراوە میدیاییــەکان دەتوانــن ســەرچاوەکانی پارەدارکردنیــان هەمەچەشــن و زیادبکــەن؟

ئامانجــی ســەرەکیی توێژینەوەکــە خــۆی دەبینێتــەوە لەناســاندنی ئەزموونــی جیهانیــی لــە بــارەی شــێوە و ڕێکارەکانــی پارەدارکردنــی ڕادیــۆ و تەلەفزیۆنــی نیشــتیمانیی و دەوڵەتیــی لەجیهانــدا. نیشــاندان و پۆلبەندییکرنــی ســەرچاوەکانی باربۆکردنــی دامــەزراوەی ڕاگەیانــدن بەپێــی بەکارهێنــان؟ خســتنەڕووی ڕێکارەکانــی زیادکــردن و هەمەچەشــنکردنی ســەرچاوەکانی پارەدارکــردن لــە دامەزراوەکانــی ڕاگەیاندنــدا.

توێژینەوەکــە لەمیانــی کۆکردنــەوەی زانیاریــی و شــیکاری زانیارییــەکان بــە چەنــد ئەنجامێــك گەیشــتووە، کــە گرنگترینیــان بریتییــن لــەوەی کــە (جیاوازییەکــی زۆر هەیــە لەنێــوان بەگەڕخســتنی ســەرچاوەی باربۆکــردن لــە دامــەزراوەی ڕاگەیاندنــی ئەورووپایــی و جگــە ئەورووپاییــەکان، بەجۆرێــك کــە ڕادەی بەکارهێنــان و بەگەڕخســتی ســەرچاوەداراییەکان، لــە ڕووی پلەبەندیــەوە ڕاســت پێچەوانــەن، ئــەوەی بــە پلــەی یەکــەم لــە دامــەزراوە ئەوروپاییەکانــدا وەك ســەرچاوەیەکی دارایــی بەهێــز پشــتی پێدەبەســتن، بــەڵام لــە جگــە ئەورووپاییــەکان بــە پلــەی کۆتایــی دێــت. بــۆ ســەرچاوەکانی باربۆکردنــی دامــەزراوەی ڕاگەیانــدن، ١٧ جــۆر ســەرچاوە تۆمارکــراوە کــە لــە ٩ دەســتەدا پۆلێنبەنــدی کــراوە، لــە دامەزراوەکانــی ڕاگەیاندنــی ئەورووپاییــدا (پــارەی بەشــداریی وەرگــران) بــە پلــەی یەکــەم و پەخشــی ڕیکلامــی بازرگانیــی پلــەی دووەم و بودجــەی تەرخانکــراوی دەوڵــەت بــە پلــەی ســێیەم دێــن، بــەڵام لــە وڵاتانــی جگــە ئەورووپایــی پلەبەندییەکــە پێچەوانەیــە.

- توێژینەوەی (عبدالعلی علی عسکری، مهدی محسنی، سیاوش صلاواتیان) ٤

شناسایی شیوەهای نوین تأمین مالی سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران

توێژینەوەیەکــی مەیدانیــە بــە نموونەگیریــی مەبەســتدار و ڕێبــازی چڕەگفتوگــۆ (focus group) ســوودی لــە ڕا و بۆچوونــی دەســتەبژێر وەرگرتــووە بــۆ ناســاندنی شــێواز و ڕێکارە نوێیەکانــی باربۆکردنــی دامــەزراوەی دەنــگ و ڕەنگــی جمهــوری ئیســلامی ئێــران وەك دامەزراوەیەکــی ڕاگەیانــدن لەژێــر خاوەندارێتییــی دەوڵــەت دا.

پرســیاری ســەرەکیی ئــەم توێژینەوەیــە خــۆی لــەوەدا بینیووەتــەوە کــە (ئــەو ڕێــکارە نوێیانــە چیــن پێوەســتە دامــەزراوەی دەنــگ و ڕەنگــی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران وەك دامەزراوەیەکــی ڕاگەیانــدن لــە ژێرخاوەندارێتیــی دەوڵــەت بیانگرێتەبــەر بــۆ باربۆکردنــی دامەزراوەکــە وەك ســەرچاوەی دارایــی، هەتــا لــە گرفتــی کەمیــی بودجــە ڕزگاری بێــت؟ چــۆن ئــەو دامەزراوەیــە دەتوانێــت ئــەو ســەرچاوانەی بــۆ باربۆکــردن دەیخاتەگــەڕ هەمەچەشــن و زیادیــان بــکات؟)

ئامانجــی ســەرەکیی توێژینەوەکــە خــۆی بینیوەتــەوە لــە ناســاندنی شــێواز و ڕێکارە نوێیەکانــی دابیینکردنــی دارایــی و

٤ . عبدالعلــی علــی عســکری و مهــدی محســنی، ســیاوش صلاواتیــان، شناســایی شــیوەهای نویــن تأمیــن مالــی ســازمان صــدا و ســیمای جمهــوری اســلامی ایــران ، گۆڤــاری زانســتی (پژوهشــهای ارتباگــی) ســاڵی بیســت و ســێهەم، ژمــارە ٢ ، ل ٩-٢٥ ، ٢٠١٧

پارەدارکردنــی دامــەزراوەی دەنــگ و ڕەنگــی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران، وەك دامەزراوەیەکــی ڕاگەیانــدن، خســتنەڕووی ئــەو ڕێکارانــەی کــە دامــەزراوەی ڕاگەیاندنــی دەنــگ و ڕەنگــی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران وەك دامەزراوەیەکــی ڕاگەیانــدن بیانگرێتەبــەر بــۆ خســتنەگەڕی ســەرچاوەی هەمەچەشــن و زیاتــری پارەدارکــردن بــە مەبەســتی هاوکارییکردنــی دامەزراوەکــە لــە لایەنــی ئابووریــی و باربۆکــردن دا.

توێژینەوەکــە بــۆ گەیشــتن بــە ئامەنجەکانــی بەدەســتهێنانی ئەنجامــی درووســت و زانســتیی، ســوودی لــە چڕەگفتوگــۆ بینیــووە لەگــەڵ ٥٥ کەســی شــارەزا و دەســتەبژێر لــە بوارەکــەدا، ئەمــەی وەك ئامــرازی ســەرەکیی کۆکردنــەوەی زانیاریــی بەکارهێنــاوە.

ئــەو ئامانجانــەی کــە توێــژەر پێــی گەیشــتووە ئەوەیە،کــە ٦٣ ڕێــکار و ســەرچاوەی پارەدارکردنــی دامــەزراوەی میدیایــی خســتوەتەڕوو کــە دابەشــدەبن بەســەر ١٣ دەســتەی ســەرچاوەی باربۆکــردن دا، لەگــەڵ ئەمەشــدا ٤ شــێواز و ڕێــکاری جیــاوازی خســتووەتەڕوو بــۆ خســتنەگەڕی ســەرچاوەی نوێــی دارایــی و پارەدارکردنــی دامــەزراوەی ڕاگەیانــدن.

### ٤. ناساندنی کلییله وشەکان:

- ئابووریــی ڕاگەیانــدن : توانــای دامەزراوەکانــی ڕاگەیاندنــە لــە بەدەســتهێنانی دەرامــەت و ســەرمایە لــە بــازاڕی ڕاگەیانــدن دا بــۆ باربۆکردنــی دامەزراوەکــە و ناســاندنی ســەرچاوەکانی باربۆکــردن، ئەمــەش بــە پێشــبینی بــازاڕی ڕاگەیانــدن و پەخــش و بڵاوکردنــەوەی پەیامەکانــی ڕاگەیانــدن لــەو بــازاڕەدا.

- ســەرچاوەی باربۆکــردن : هەمــوو ئــەو ســەرچاوە و ڕێکارانــە دەگرێتــەوە کــە دامەزراوەکانــی ڕاگەیانــدن لەڕێگــەی بەرهەمــە جیاوازەکانــەوە ســەرمایەگوزاری دەکــەن و دەرامــەت و داهاتــی لــێ بەدەســتدەخەن.

ـ بەرهەمهێنــانی ڕاگەیانــدن: پرۆســەیەکی کاری ڕاگەیاندنــە و مەبەســت لێــی هەمــوو ئــەو شــێواز و ڕێــکار و چوارچێوەیــە کــە دامــەزراوەی ڕاگەیانــدن پەیامەکانــی لێــوە ئاڕاســتەی وەرگــر دەکات، بــە بەکارهێنانــی هەریــەك لــە ڕەگەزەکانــی (نــاوەرۆك، زمــان، ســتایل، لایەنــی تەکنییــك و جوانکاریــی و هونــەر و تەکنەلۆژیــا گەیانــدن و کەناڵــی پەخــش) کــە لــە بەرهەمهێنانــی پەیامــی ڕاگەیانــدن و گەیانــدن دا ڕۆڵــی ســەرەکییان هەیــە.

- باربۆکــردن: پرۆســە و ڕێکارێکــی تایبەتــە کــە لەڕێگەیــەوە بــڕی پــارە و داهاتــی پێویســت دەگاتە دەســت بەڕێوەبەرانی دامەزراوەیــەك، بــە مەبەســتی کارکــردن و پشــتیوانیی لــە ئــەرك و کارەکانــی ئــەو دامەزراوەیــە، ئەمــەش بــە ســەرچاوەی باربۆکــردن نــاو دەبرێت.

## بەشی دووەم:

### سەرچاوەکانی باربۆکردن و ڕێکارەکانی بەکارخستنیان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن دا

ســەرچاوەکانی باربۆکــردن لــە بــازاڕی ڕاگەیانــدن دا ڕۆژ بــە ڕۆژ لــە گەشەســەندن و زیادبوونــدان، ڕاگەیانــدن بــۆ پەرەپێــدان و بەکارخســتنی هەریەکــە لــەو ســەرچاوانە ڕێــکاری تایبــەت و جیــاواز دەگرێتەبــەر، بــەو مانایــەی کــە هەریــەک لــە ســەرچاوەکان ڕێــکاری تایبــەتی خۆیــان هەیــە بــۆ خســتنەگەڕ و پەرەپێدانیــان. لێــرەدا ئــەو ســەرچاوانە باســدەکەین کــە لــە بــازاڕی ڕاگەیانــدن دا هــەن و دەیانخەینــەڕوو، پاشــان ئــەو ڕێکارانــەش کــە ئــەم ســەرچاوانە دەخەنــەکار بــۆ باربۆکــردنی دامەزراوەکــە.

## ١. بودجەی دابینکراوی حوکومەت وەک سەرچاوەی داریکردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن

حوکومـەت لەسـەر بنەمـای ڕێسـا و یاسـاکانی کارکـردن بوودجـەی تایبەت بە پشـتیبوانی دارایـی دەداتـە دامەزراوەکانی ڕاگەیانـدن، بەپێـی ئـەو تایبەتمەندییـەی کـە لـە یاسـا و ڕێنماییەکانـدا دیاریدەکرێـت و ،بـە بڕیارێـک کـە دیسـانەوە یاسـا و ڕێنماییـەکان ڕێکیدەخـەن.

ئـەو دامەزراوانـەی کـە پشـتیوانی و بودجـەی حوکومـەت وەک سـەرچاوەی داریکـردن بەکاردەهێنـن لـەڕووی سـتراتیژ و کار و ئامانجـەوە جیـاوازن، بـەڵام تەریـب بـە یـاس او ڕێنماییەکانـی پشـتیبوانی دارایـی کاردەکـەن. (اربطـانی، ١٣٨٥ هەتـاوی: ٨٦)

دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن جیـا لـە تایبەتمەندیـی خۆیـان، بەچەندیـن ڕێـکار و شـێواز وابەسـتەی پشـتیبوانی دارایـی حوکومـەت دەبـن و هاوکارییـە داراییـە فەرمییـەکان لـە حوکومەتـەوە وەردەگـرن، ئـەو شـێواز و ڕێکارانـەی کـە دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن وابەسـتەی پشـتیبوانی دارایـی حوکومـەت دەکات جیـاواز و هەمەچەشـنن، بەسـەر چەندیـن جـۆر هاوکاریـی و پشـتیبوانیی دارایـی حوکومـەت و جـۆری دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن دا دابـەش دەبـن.

- ژمارەیــەک لــە دامەزراوەکانــی ڕاگەیانــدن لەلایــەن حوکومەتــەوە خاوەندارێتیــی دەکرێــن، تایبەتمەندیــی ئــەم دامەزراوانـەش لـەڕووی ئابوورییـەوە ئەوەیـە کـە سـەرچاوەی بنەڕەتیـی داریکردنـی ئـەم دامەزراوەیـە ئـەو بودجەیەیە کـە حکومـەت بـۆ ئـەم دامەزراوەیـەی دابینـدەکات، بەرانبـەر بـەو ئـەرک و کارانـەی کـە دامەزراوەکـە لەپێنـاو هینانەدیـی ئـەو ئامانجانـەی کـە حوکومـەت لەپێشـچاوی گرتـووە و بەو سـتراتیژەی بـۆی دارێـژراوە کاردەکات، پاڵپشـتی دارایـی و داریکردنـی حوکومـەت بـۆ ڕاگەیانـدن لەسـەر بنەمـای خاوەنداریەتیـی دامەزراوەکەیـە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ حکومـەت. (کاضمـی، ١٣٩٥ هەتـاوی: ٢٤-٢٥)

- ژمارەیـەک لـە دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن سـوود لـە بودجـەی حوکومـەت وەردەگـرن وەک سـەرچاوەی داریکـردن بـە ڕەچاوکـردن و پابەندبوونـی کار و پەیامسـازیی دامەزراوەکـە لەگـەڵ ئـەو یاسـا و ڕێنماییانـەی حوکومـەت هەیەتـی، بـۆ پشـتیبوانیی دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن، ئەگەرچیـی خاوەنداریەتیـی ئـەو دامەزراوەیـە بـۆ حوکومـەت ناگەڕیتـەوە، بـەڵام حوکومـەت لەڕێـی یاسـاکانەوە پابەندکـراوە بـەوەی کـە پشـتیبوانیی دارایـی بـدات بـە دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن بەپێـی ئـەو تایبەتمەندیـی و ڕێنماییانـەی گـە یاسـا یـان دامـەزراوەی پەیوەندداریـی دایڕشـتووە، بۆیـە جـۆر و شـێوازێکی تـری پاڵپشـتی دارایـی حکومـەت بـۆ دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن پابەنـدی یاسـایی و ڕێکخسـتنی پشـتیبوانیی ڕاگەیاندنـە بـە یاسـا و ڕێنماییـەکان. (کاضمـی، ١٣٩٥ هەتـاوی: ٢٦)

- ژمارەیـەک لـە دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن سـوود لـە بودجەی دابینکـراوی حکومەت بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیانــدن بــە هاوڵاتیــان وەردەگــرن بــەوەی، کــە لەگــەڵ حوکومەتــدا گرێبەســتی بەرهەمهێنــان و بڵاوکردنــەوەی پەیامـی خزمەتگوزاریـی گشـتیی پێشکەشـدەکەن لەسـەر خواسـتی حوکومـەت و پێداویسـتیی هوشـیاریی هاوڵاتیـان بەرانبـەر بـە ئـەرک و کار و ڕێوشـوێنەکانی ڕووبەڕووبونـەوەی هـەر پێشـهاتێک، کـە حوکومـەت بـە نەبـوونی هوشـیاریی هاوڵاتیــان بکەوێتــە زیانــەوە، ئەمــەش جۆرێــک لــە ســەودای دامەزراوەکانــە لەگــەڵ حوکومــەت لەســەر بنەمــای بودجـەی دابینکـراو بـۆ خزمەتگوزاری هوشـیاریی و ڕاگەیانـدن، کـە لەڕێگـەی دامەزراوەکانـی ڕاگەیاندنـەوە دەکرێـت لەپێنـاو خسـتنەگەڕی سـەرچاوەی دارایـی بودجـەی حوکومـەت. (تریلوتـر، ١٣٩٨ هەتـاوی: ٢٥-٢٦ )

- ژمارەیـەک دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن لـە ڕێگـەی وەرگرتنی سپۆنسـەری حوکومـەت بـۆ بەرهەمهێنانی پەیامـی ڕاگەیاندن بەهــەر ژانرێــک لەســەر خواســتی حوکومــەت، داهــات لــە حوکومــەت وەردەگــرن و لــە پرۆســەی بەرهەمهێنانــدا

خەرجی دەکەنەوە و زۆرکات سوودیشی بۆ دامەزراوەکە دەمێنێتەوە و دەچێتە پرۆسەی قازانجەوە، بەم ڕێگەیە حوکومەت دەکات بە سەرچاوەی باربۆکردن، یاخود بە سپۆنسەرکردنی راگەیاندنی چالاکییەکانی حوکومەت و ،رووماڵی فراوانی چالاکییەکان حوکومەت دەکات بە سەرچاوەی داهاتی خۆی بە پێی ڕێکەوتن و گرێبەستی تایبەت. (کافی، ٢٠١٦ زاینی: ١٥)

لە روانگەی ئەم شێوازانەی بەسەرچاوەکردنی حکومەت بۆ باربۆکردن دەتوانین ڕێکارەکانی خستنەکاری حکومەت وەک سەرچاوەی باربۆکردن بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

أ. خاوەندارێتیی دامەزراوەی راگەیاندن لەلایەن حوکومەتەوە.

ب. پابەندیی حوکومەت بە یاسا و ڕێنمایەکان لە دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ پشتیوانیی راگەیاندن.

ج. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی بە سازکردنی پەیامی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی.

د. سپۆنسەرکردنی بەرهەمی راگەیاندن لەلایەن حوکومەتەوە بۆ چالاکیی و کارەکانی حکومەت.

هـ. فرۆشی بەرهەمەکان لەڕێگەی دامەزراوەکانی حکومەتەوە.

## ٢. خاوەندارێتیی راستەوخۆ

مەبەست لەم سەرچاوە داراییە پاڵپشتی دارایی راستەوخۆیە لەلایەن خاوەنداریی دامەزراوەکەوە بەرانبەر بە جێبەجێکردنی ستراتیژیی خاوەنی دامەزراوەکە لە پێناوی ئامانجە دیاریکراوەکەیدا. دەکرێت ئەم خاوەندارێتییە کەسیی بێت یان کۆمپانیا و ڕێکخراو و گروپ و حیزبی سیاسیی، کە راستەوخۆ پشتیوانی دارایی دەداتە دامەزراوەکە. هەربۆیە بۆ خستنەگەڕی ئەم سەرچاوەیە بۆ باربۆکردنی دامەزراوەکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی راگەیاندن دا پشتیوانیی تەواوی خاوەنەکەی دەکات وەک کەسایەتییەک یان گرووپ و ڕێکخراو و حزب. (دویل، ٢٠١٥ زاینی: ٢٣٦)

## ٣. ریکلام

لەدیدی ئابوورییەوە، ریکلام بەیانکردن و بەهادان بە ئایدیا و کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە لەرێگەی خاوەنێکەوە؛ بەهۆی ئامرازێکی گەیاندن و پەخشەوە، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی داهاتی جیاواز. لەم پێناسە کورتە دا بۆ ریکلام، چوار تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ریکلام خراونەتەڕوو: (ریکلام بۆ بەهادان بە ئایدیا و کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بەکاردێت، ریکلام بەرانبەر بە بەدەستهێنانی پارە دەکرێت، ریکلام خاوەندارێتییەکی تایبەتیی هەیە، ریکلام خودی نییە، بەو مانایەی کە ریکلام لەلایەن فرۆشیارەوە بەشێوەی راستەوخۆ لەگەڵ کڕیار جێبەجێ ناکرێت)، خەرجیی ریکلام یەکێکە لە زۆرترین خەرجییەکان لە پرۆسەی بازرگانییدا، کە دەچێتە گیرفانی دامەزراوەکانی راگەیاندن وەک بەرهەمهێنن یان پەخش و بڵاوکردنەوە. (قربانی، ابوالفضلی، روستا، ١٣٨٨ هەتاوی: ٥٢-٥٣)

دییدی ئابووریی، ریکلام وەک سەودایەکی دوولایەنە دەبینێتەوە لەنێوان خاوەن ریکلام واتە خاوەن کاڵا و ئایدیا و خزمەتگوزاریی، لەگەڵ دامەزراوەکانی راگەیاندن، کە ئامانجی هەردوو لایەنی ئەو بازاڕە بریتییە لە دەستخستنی سوود و قازانج، چ وەک پارەی نەختینە یان رەچاوکردنی بازاڕیانە بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان و زیادکردنی فرۆشتن. (پردنجانی، ١٣٨٨هەتاوی: ١١)

بەو تایبەتمەندییانەی لە پرۆسەی ریکلامکردندا هەن و ئەو دیدگا ئابوورییەی راگەیاندن بۆ ریکلام هەیەتی،

دامەزراوەکانی راگەیاندن دەخاتە بەردەم چەند رێکارێکی بەکارخستنی ریکلامەوە کە بریتین لە:

- دامەزراوەکانی راگەیاندنەکان بۆ سوود وەرگرتن لە ریکلامکردن و داهاتی ریکلامیی لە پرۆسەی پەیامسازیی دا، کار لەسەر سەرنجی وەرگر دەکەن، لە رووی ناوەڕۆک و ستایلی بەرنامە و سازکردنی پەیامەکانی راگەیاندن رەگەزی سەرنجگیریی گرنگیی پێدەدەن، هەتا بتوانن سەرنجی زۆرتریین وەرگر بۆخۆیان رابکێشن و، بەهەر رێگایەک بێت، بەمەش رێژەی وەرگریان زیاتر دەبێت، لە پرۆسەی ریکلامکردنیشدا خاوەنی ریکلام کار لەسەر وەرگران دەکات، هەتا رێژەی وەرگر زیاتر بێت بەهای ریکلامی ئەو دامەزراوە و کەناڵە زیاتر دەبێت. ( الباران: ١٣٩٥: ٩٦)

- دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ سوودوەرگرتن لە ریکلام، کار لەسەر پەیوەندییەکان دەکەن لە رووی راگەیاندنەوە، بۆ خستنەڕووی زانیاریی و رێکارەکانی فێرکاریی و شوناسیی بەرهەمەکانی خاوەن ریکلام لە شێوە و ستایلی گونجاوی بەرهەمهێنان و بەرنامەی تایبەتیی ریکلامیی و، کارکردن لەسەر ئامانج و ستراتیژی خاوەن کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. (بشیری، جنیدی، ١٣٨٦ هەتاوی: ٥).

- دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ خستنەگەڕی ریکلام وەک سەرچاوەی داربۆکردن لەنێو سیستەمی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکەدا، کاری بەرهەمهێنانی پەیامی ریکلام دەکەن بە بەشێکی دامەزراوەکە و بەمەش لەلایەکەوە لەڕووی بەرهەمهێنانەوە داهات لە خاوەن ریکلامەکان وەردەگرن و لەلایەکی ترەوە رێژەی پەخشی ریکلامیی زیاد دەکەن. (بشیری، جنیدی، ١٣٨٦ هەتاوی: ١٢).

ـ راگەیاندنەکان رێکارێکی تری بەگەڕخستنی ریکلام وەک سەرچاوەی دارایی دەگرنەبەر بە سیاسەتی بەهێزکردن و بەهادارکردنی کەناڵەکانی پەخش و توانای بەدەستهێنانی متمانە لای وەرگر بە ناوەرۆکی پەیامەکان لەڕووی زانیارییەوە، بەوەی خاوەن ریکلامەکان ناچاردەکەن کە سەودایان لەگەڵدا بکەن، ئەمەش لەپێناوی دوو مەبەستی سەرەکیی: یەکەم خۆناساندن یان کاڵاناساندن لە راگەیاندنێکی بەهادار و متمانەدار، دووەم راگرتنی ئەو دامەزراوەیە لە دەستبردن بۆ هەر بابەتێکی پەیوەستدار بە متمانە و بەهای کاڵا و ئایدیا و خزمەتگوزاریی کۆمپانیایەک کە لە بەهای کەم بکاتەوە. (جقریف، ٢٠١٧زاینی: ٨٦)

## ٤. وەرگرتنی پارەی بەشدارییکردن لە پرۆگرامەکاندا

دامەزراوەکانی راگەیاندن بەرامبەر بە بەشدارییکردنی کەسایەتیی بازرگان یان کەسایەتیی مەعنەوی رێکخراو و دامەزراوەکان، لە بەرنامە و بەرهەمەکان و پەخشکردنی ئەو بەرهەمانە، پارەی دیاریکراو وەردەگرن و، لێرەدا بەشداربووان وەک سەرچاوەی داربۆکردن بەکاردەهێنرێن. ئەم رێکارە وابەستەیە بە پێگە و بەهای دامەزراوەکەوە بەگشتیی و بەرنامە یان پەیامەکەوە بەتایبەتیی، کە خاوەن داراییەکان لە پێناوی نازناو و ناساندنیان، داوای بەشدارییپێکردن لە سازکردنی ئەو پەیامە دەکەن بەرامبەر بە پارەیەکی دیاریکراو یان سپۆنسەرکردنی. (کونگ، ١٣٩٢ هەتاوی: ١٢٨).

دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ بەگەڕخستنی ئەم سەرچاوە داراییە، چەندین رێگە لە کات و شوێنی جیاوازدا دەگرنەبەر و لە پرۆسەی پەیامسازییاندا کاری لەسەر دەکەن لەوانە:

- راگەیاندنەکان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و هەڵمەتی بانگەشەدا، کار لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو کەسانەی لەنێو پرۆسەکەدا بەشدارن بەرامبەر بە پارەی دیاریکراو بەشدارییان پێبکەن لە بەرنامە و سازکردنی پەیامەکانیان بە

هـەر سـتایلێک بێـت. ( صلواتیـان،١٣٩٤ هەتـاوی: ١٩)

- لـە میانـی رکابەریـی بـازاڕ و هاتنـە نـاوەوەی کاڵا و برانـدە نوێیـەکان، رکابەرانـی بازرگانیـی لـە بـازاڕدا دەخرێنـە نێـو بەرنامـە و بابەتەکانـی راگەیانـدن. (دال، ١٣٨٩ هەتـاوی: ١٠٨-١١٠)

- دامـەزراوەی راگەیانـدن لـە خسـتنەڕووی کار و چالاکـی دامـەزراوە و رێکخـراوە جیاوازەکانـدا و، بەشـدارییپێکردنیان لـە بەرهەمهێنانـی بەرنامـە و پەیامەکانـدا سـوود لـەو کەسـایەتییە مەعنەویانـە وەردەگرێـت. (محسـنی، صلواتیـان، ١٣٩٤ هەتـاوی، ٩٤)

- پێدانـی بـوار و مـەودا و کەناڵـی پەخـش و بەشـدارییکردنی وەرگـران و کەسـایەتییەکان و رێکخـراو و ناوەنـد و دامـەزراوەکان وەک خـاوەن ئەژمـار و پەیجـی پرۆگرامیـی تایبـەت لـە پرۆسـەی گەیاندنـی پەیامەکانـدا.

## ٥. فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی راگەیاندن

مەبەسـت لـەم سـەرچاوەیە کـە راگەیانـدن بـۆ باربۆکردنـی خـۆی دەیخاتـە کار بریتییـە لـە فرۆشـتنی بەرهەمەکانیـی بەشـێوەی جـۆراو جـۆرو سـتایلی هەمـە رەنـگ، وەك بەرنامـە زانسـتیی و فێرکاریـی و هەواڵییـەکان، دەشـێ ئـەم بەرهەمـە لەرێگـەی دامـەزراوەی حکومەتیـی یـان ئەهلییـەوە بفرۆشرێـت یـان راسـتەو خـۆ بگەیەنرێتـە بینـەر، هەروەهـا گەیاندنـی خزمەتگوزاریـی دامەزراوەکانـی راگەیانـدن وەك پەخشـی ئاگایـی و هوشـیارییەکان. (صلواتیـان ، محسـنی، عسـکری، ٢٠١٦ زاینـی، ٢٠)

بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکان لە دامەزراوەکانی راگەیاندندا چەندین رێکار دەگیرێنەبەر کە بریتیین لە:

- فرۆشـتنی راسـتەوخۆ، کـە بەرهەمـەکان لەڕیگـەی کتێـب یـان سـیدی و دیڤیدییـەوە دەگەیەنرێتـە کڕیـار کـە بەهەڵگـری بەرهەمـی ڕاگەیانـدن نـاسراوە، نـەک خـودی بەرهـەم، راسـتەوخۆ بـە وەرگـر دەفرۆشرێـن.

- فرۆشـتنی ئەنتەرنێتـی: ئـەم رێـکارەی کـە راگەیانـدن بـۆ فرۆشـتنی بەرهەمەکانـی دەیگرێتـە بـەر لەڕێگـەی تەکنیکـی تایبەتـەوە دەبێـت لەڕێگـەی ئەنتەرنێتـەوە بەرانبـەر بـە پێدانـی بڕێـک پـارە لـە ڕێگـەی حسـابی بانکییـەوە ڕێگـە بـە وەرگـر دەدات کۆپیەکـی بەرهەمەکـە وەربگرێـت.

- یەکـەی کڕیـن، مەبەسـت لـەم رێـکارە بریتییـە لـە تەکنیکـی بینیـن، بیسـتن، خوێندنـەوەی بەرهەمەکانـی راگەیاندنـە لەڕێگـەی کڕینـی یەکـەی بەشـداربیکردن. کـە وەرگـر لەڕێگـەی بلیتـی تایبەتـەوە دەتوانێـت لـە شـوێنە تایبەتـەکان لەگـەڵ پەخشـیی بەرهەمەکانیـی راگەیانـدن بەشـداربێت.

ـ فرۆشـتنیی مۆڵەتـی پەخـش: مەبەسـت لـەم رێـکارە پێـدانی مۆڵـەتی پەخشـی بەرهەمیـی دامەزراوەیەکـە لەلایـەن کەنـاڵ و دامـەزراوەی تـرەوە بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو یـان بەشـێوەیەکیی بـەردەوام.

## ٦. باج بە شێوەی جیاواز :

لـە سیسـتەم و یاسـای هەندێـك لـە وڵاتانـدا هەیـە، خەڵکـی وڵات بـە پێدانیـی بـاج بەشـێوەیی جیـاواز داهاتـی دامەزراوەکانیـی راگەیانـدن دابییـن بکـەن، ئەمـەش یـان راسـتەوخۆ لـە رێگـەی وەرگرتنـی یـان کڕینـی ئامێـری وەرگرتنـی کەنـاڵ و ئامرازەکانـی گەیانـدن. (حسـین، ٢٠٢٠ زاینـی، ٨١)

### ٧. وەرگرتنی پارە لە وەرگران (هاوڵاتیان)

بڕە پارەیەکە کە دامەزراوەیی راگەیاندن بەرانبەر بە وەرگرتنیی پەیامەکانی لەلایەن خیزانەکانەوە وەریدەگرێت، ئەمەش دەشێت بە سیستمی پەخشیی تەلەفزیۆنیی یان رادیۆیی وەیان هاوبەشیی کردن بۆ وەرگرتنی چاپەمەنییەکان، لە سیستمی هەندێک وڵاتدا هەیە کە ئەو ماڵانەی دەزگای وەرگرتنیی تەلەفزیۆنیی هەیە لەسەریەتی مانگانە پارە بداتە دامەزراوەکە. کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەکە، بەتایبەت ئەو دەزگاو دامەزراوانەی کە بە تەلەفزیۆن یان راگەیاندنی خەڵک ناسراون و بەو تایبەتمەندییشەوە ناتوانن سەرچاوەی تری دارایی بخەنە کار، وەک ریکلام و فرشیی بەرهەم و ..... هتد، بەکارخستنی ئەم سەرچاوەیە وەک سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن کاتیک دەبێت کە ئەم دامەزراوەیە هەموو دەزگاکانی پەخش بچنە نێو یاسا و رێنماییە دیاریکراوەکانی راگەیاندنی خەڵک و پیادەی ئەو یاساو ڕێنماییە بکات و، لەو سەرچاوە و رێکارانەی باربۆکردن خۆی بەدوور بگرێت کە لە چوارچێوەی راگەیاندنی خەڵکدا رێگەپێنەدراون. (البـاران، ١٣٩٨ هەتـاوی: ١٧٣)

### ٨. یارمەتیی لە لایەن تاك و کۆمەڵگا و رێکخراوەکان

لەم حاڵەتەدا خەڵك و دەستەو رێکخراوە جیاوازەکان بەرپرسیارییەتیی پێدانیی هەندێك لە تێچوونەکان دەگرنەئەستۆ بە هۆکاری جیاواز و ئامانجیی جۆراوجۆر هاوکارییەکان پێشکەش بە دامەزراوەکانی راگەیاندن دەکەن، دامەزراوەکانیش بۆ خستنەکاری ئەم سەرچاوەداراییە رێکاریی جیاواز دەگرنەبەر بەتایبەت لە پرۆسەی پەیامسازییاندا. ئەو رێکارانەش بریتین لە: ( تریوتلر، ١٣٩٣ هەتـاوی: ٩١)

- ئەو دامەزراویەیی کە هاوکاریی پشتیوانیی هاوڵاتیی و خێرخوازان دەکات بە سەرچاوەی دارایی، زیاتر پەیامەکانی پەیامی ئاینیین و پشت بە کەسایەتییە ئاینییەکان دەبەستێت، یان دامەزراوەی میدیایی پەروەردەیین کە خێزان و کۆمەڵگا بە پێویستی دەزانن بۆ پەروەردەی تاک بەردەوام بن، بۆیە وەک ئەرکی سەرشانیان هاوکاریی ماددیان دەکەن بۆ مانەوەیان، ئەو هاوکارییەش دەبێت بە سەرچاوەی باربۆکردنی ئەو دامەزراوە میدیاییانە.
- دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بەکارخستنی سەرچاوەی هاوکاریی و خێرخوازیی کاردەکەن لەسەر پێشکەشکردن و بەرهەمهێنانی پەیامی خزمەتگوزاریی و فێرکردن کە پێویستیی کۆمەڵگەن.

### ٩. کۆمپانیا وابەستەکانی دامەزراوەکانیی راگەیاندن.

ئەو کۆمپانیایانەی کە وابەستەی دامەزراوەکانی راگەیاندنن وەک سەرچاوەی پشتیوانیی دارایی دامەزراوەکە بەکار دەهێنرێن و بەچەندین شێوە پشتیوانیی دارایی دامەزراوەی راگەیاندنەکە دەکەن. وەک:

- پشتیوانیی دارایی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ.
- ریکلامکردن وەک پاساوی هاوکاریی دارایی.
- پشتییوانی دابینکردنیی ئامرازەکانی راگەیاندن و پێداویستییەکان.

دامەزراوەکانی راگەیاندن بۆ خستنەکاری ئەم سەرچاوەیە کاردەکەن لە بونیادنانی کار و کۆمپانیای جیاوازی وابەستە، بۆ ئەمەش رێکاری جیاواز دەگرنەبەر کە بریتیین لە:

- دروستکردن و بونیادنانیی هۆڵی پێشکەشکردنی سینەما و تایبەت بۆ چالاکییەکان و کاری راگەیاندن.
- بونیادنانیی کۆمپانیای دامەزراندن و پێکهێنانی ستۆدیۆی تەلەفزیۆنیی و ئامرازەکانی راگەیاندن.
- بونیادی کۆمپانیای گەیاندن و پەخش لە رێگەی فریکوێنسیی تایبەت و فرۆشتنی کاتی پەخش.
- بونیادنانی بانکیی تایبەتمەند.
- بونیادی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی راگەیاندن (فلم، ریکلام، گرافیک ....)
- بونیادنانی ئاژانسی هەواڵیی و گواستنەوەی زانیاریی
ـ رێکارو شێوازیی تر ....

## ١٠. بەرهەمی فێرکاریی

داهاتی بەرهەمە فێرکارییەکانیی راگەیاندن یەکێکە لەو سەرچاوە داراییانەیی کە دامەزراوەکانی راگەیاندن کاریان لەسەر دەکەن بۆ باربۆکردنی خۆیان و بەهەمەکانیان کە بەچەندین رێگە دەخرێتە بازاڕەوە، ئەم سەرچاوەیەش بەچەندیین رێکار دەخرێتەکار کە بریتیین لە: (صلواتیان، ١٣٩٤ هەتاوی: ٢١)
- بەرهەمهینانی بەرنامە فێرکارییەکان و خستنە بازاڕ و فرۆشتنیان بە رێکارەکانی فرۆشتنی بەرهەمەکان.
- بونیادنانی پەیمانگا و ناوەندی فێرکاریی بە پرۆسەی خوێندن بە شێوەی تیۆریی و پراکتیکیی.
- کردنەوەی کەناڵی فێرکاریی و بەشدارییپێکردنی وەرگران .

## ١١. ناوبانگ و متمانە

یەکێک لە سەرچاوە پڕدەرامەتەکان کە دامەزراوەی راگەیاندن بەکاری دەهێنێت بۆ باربۆکردنی خۆی، ئەو ناوبانگ و متمانەیەیە کە دامەزراوەکە پەیدای دەکات و بەدرێژایی تەمەنی کارکردنی، بونیادی دەنێت، دواجار بۆ زۆرێک لە رێکاری خستنەکاری وەک سەرچاوەی باربۆکردن بەکاری دەهێنێت. وەک ئەوەی کە بەهۆی ناوبانگەکەیەوە ناوی خۆی دەکاتە براندی جیهانیی و کاڵای تری بازاڕی بەدەستدەهێنێت، یان بەدەستهێنانی ناوبانگی کۆمەڵێک کەسایەتیی هونەریی و وەرزشیی و کاریگەر بەهۆی ناوبانگی خۆیەوە و بەکارهێنانیان لە پرۆسەکانی ریکلام و بازاڕکردندا، بوون بە سەرچاوە و بنەمای زانیاریی لە لای دامەزراوەکانیی تری ناوەوە و دەرەوە و وەرگرتنی داهات بە گەیاندن و فرۆشتنی زانیاریی، فراوانبوونی بەشداریی لە خولەکانی راهێنان و فێرکردن. بەدەستهێنانی خەڵات و دیاریی بەهادار لە ڤیستیڤاڵ و بۆنە تایبەتەکاندا. (بشیری، جنیدی، ١٣٨٦ هەتاوی: ٥).
بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و خستنەکاری ئەو سەرچاوەی باربۆکردنە، چەند رێکارێک دەگیرێتەبەر وەک:
- کارکردن لەسەر سەرنجی وەرگر بە بەرهەمهێنانی پەیامی سەرنجدار، بە تەکنیکیی سەرنجڕاکێش.
- زانیاریی درووست و کاریگەر بڵاوبکاتەوە ـ راستگۆ و راشکاو بێت ـ لەگەڵ رووداوەکاندا بێت.
- لەڕووی چۆنێتییەوە (کواڵیتییەوە) ئاستی بەرزبێت ـ تیکەڵ بە کۆمەڵگا و خواستیان بێت.

## ١٢. ئینتەرنیت و میدیای نوێ

بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و فراوانبوونی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و گەشەی بەشداربووان، دامەزراوەکانی راگەیاندن دەرگایەکی نوێ و بازاڕێکی قەرەباڵغ بە روویدا کراوەتەوە، کە ئەویش بەستەرەکانیی

ئەنتەرنیـت و تەلەفزۆنـی زیرەکـە، دامەزراوەکانـی راگەیانـدن بـوون بـە بەشـدارێکی بەرهەمهێـن و نێـردەر لـەو بەسـتەرانەوە کـە بەرهەمـی نـوێ و تایبەتمەنـد بـە ئەنتەرنێـت و تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان پێشکەشـدەکەن. ئەمـەش بـووە بـە سـەرچاوەیەکی پڕەدرامـەت بـە چەندییـن رێـکاری ، لەوانـە:

- کردنەوەی بازاڕی ئینتەرنێت بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکان و گەیاندنی بۆ وەرگر بە بڕێک پارەی دیاریکراو.

- بەدەسـتهێنانیی زۆرتریـن بینـەر و سـەرنج، لەڕێگـەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانـەوە کـە ئەمـەش دواجـار لـە رێـکاری تـرەوە دەبنـەوە بـە داهـات بـۆ دامەزراوەکـە.

- بەشدارییپێکردنی وەرگر بەرێکاری ئاسانتر و فراوانتر.

- کردنەوەی خولی راهێنانی بەرفراوان بە ئاسانتر و خێراتر لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

## ١٣. کردنەوەی کەناڵی تر

دامەزراوەکانیـی راگەیانـدن بـۆ سـەودای زیاتـر لەگـەڵ بینـەران و هەمەچەشـنکردنی وەرگـران، کەناڵـی جۆراوجـۆر و تایبـەت دەکەنـەوە کـە دەبـن بـە سـەرچاوەی داهاتـی زیاتـر بـۆ ئـەو دامەزراوەیـە و سـەودای جۆراوجـۆر لەگـەڵ وەرگـری زیاتـر دا. ئەمـەش وەک کردنـەوەی کەناڵـی تایبـەت بـە فرۆشـتن یـان کەناڵـی تایبـەت کـە لەڕێـی کات و یەکـەوە دەکرێنـەوە، کـە هەمـوو ئەمانـە سـەرچاوەی داراییـن بـۆ دامەزراوەکـە و سـوودی زیاتـر لـە رووی ئابوورییـەوە دەگەیەنـن بـە دامەزراوەکـە.

## ١٤. یوتییوب

یەکێـک لـە سـەرچاوە پڕەدرامەتـەکان بـۆ دامەزراوەکانـی راگەیانـدن، بریتییـە لـە بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانیـان لـە کەناڵـی یوتییـوب بـەو تایبەتمەندیـی و رێنماییـەی کـە کەناڵەکـە هەیەتـی، یوتییـوب ئەگەرچیـی لـە ریـزی ئـەو سـەرچاوانەدایە کـە لـە زۆرێـک لـە سـەرچاوە زانسـتییەکاندا وەک ریـکلام یـان رێـکاری ئینتەرنێـت و راگەیاندنـی نـوێ بـاس دەکرێـت، بـەڵام ئـەو پێشـکەوتنانەی کـە یوتییـوب بەخۆیـەوە بینییـووە و ئـەو سیسـتمە تایبەتەی کە کاری لەسـەر دەکات، تایبەتمەندییەکـی پێبەخشـییووە کـە دەکرێـت وەک سـەرچاوەیەکی باربۆکردنـی تایبـەت کـە دامەزراوەکانیـی راگەیانـدن مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـەن و دەیکـەن، دەکرێـت بـە سـەرچاوەی باربۆکردنـی دامەزراوەکەیـان ئەژمـار بکرێـت.

ئەگەرچیـی یوتییـوب لەڕێگـەی داهاتـی ریکلامـەوە بەڕێـژەی دیاریکـراو سـوود دەداتـە دامـەزراوەکان، بـەڵام ئـەو ریکلامـە راسـتەوخۆ نـە بـۆ بەرهەمەکانـی دامەزراوەکەیـە نە لـە کەناڵـی تایبەتـی دامەزراوەکەوەیە، بەڵکـو باربۆکردنی دامەزراوەکانـی راگەیانـدن پرۆسـەیەکە کـە تەنهـا لەڕێگـەی یوتییوبـەوە بـە تایبەتمەندیـی خۆیـەوە جێبەجێدەکرێـت، کـە لـە پرۆسـەکەدا یوتییـوب دامەزراوەکانـی راگەیانـدن بـۆ چالاککردنـی سـەرچاوەی باربۆکردنـی خـۆی -کـە ریکلامـە- دەخاتـەکار. بـۆ ئەمـەش چالاکیـی دامـەزراوەکان لـە یوتییـوب دا بـە پێدانـی رێژەیـەک لـە داهاتـی بەدەسـتهاتووە لەڕێگـەی ئـەوەوە گەشـەپێدەدات، کـە دەشـێت بـە هانـدان یـان پشـتیوانیی داراییـی نـاو ببرێـت بـۆ بەرهەمهێنانـی باشـتر و سەرنجراکێشـتر و پەخشـی تـر لەڕێگـەی یوتییوبـەوە. (عبدالمنعـم، قعلـول، ٢٠١٩ زاینـی، ١١-١٣)

خسـتنەگەڕی یوتییـوب وابەسـتەی چەنـد ریکارێکـی تایبەتـە، کـە لەلایەکـەوە نـاوەڕۆک و رەگەزەکانـی سـەرنجگیریی پەیامـی راگەیانــدن دیاربــدەکات، لەلایەکــی تــرەوە ئــەو رێنمایــی و تایبەتمەندیــی و مەرجانــەی کــە یوتییــوب

دیاریکـردوون و ،دامـەزراوەی راگەیانـدن پێـوەی پابەنددەبێـت.

### ١٥. سەرچاوەی تر:

مەبەست لەم دەستەیە هەر سەرچاوەیەکی تر، کە لەنێو ئەوانەی پێشوودا جێ نەگرێت و باس نەکرابێت.

## بەشی سێیەم:

## رێکارەکانـی خسـتنەکاری سـەرچاوەکانی باربۆکردنـی دامـەزراوەکان لـە پرۆسـەی پەیامسـازیی راگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان

بـۆ خسـتنەرووی سـەرچاوەکانی باربۆکـردن لـە دامـەزراوەکانی راگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان توێژینەوەکـە پشـتی بەکۆکردنـەوەی زانیاریـی بەسـتووە لـە رێگـەی فۆرمێکـی تایبـەت کـە بەسـەر ١٠ لـە دامـەزراوەی راگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان، کـە نموونـەی توێژینەوەکـەن، دابەشـکراوە و بـۆ هـەر دامەزراوەیـەک ١٠ فـۆرم دابیینکـراوە، کـە لـە لایـەن بەرێوبـەری دامەزراوەکـە و بەرێوەبـەرانی بەشـەکانەوە پڕکراونەتـەوە. ئـەو سـەرچاوانەش کـە وەک سـەرچاوەی باربۆکـردن لـەو دامەزراوانـەدا بـەکار دەهێنرێـن بریتییـن لـە (٨) سـەرچاوە کـە رێـکاری خسـتنەکاریان بـۆ بەیانکـراوە بـەو ریزبەندییـەی کـە لـە خشـتەی ژمـارە (١) خراوەتـەڕوو.

خشتەی (١): خستنەڕووی رێژەی بەکارهێنان و پشتبەستن بە سەرچاوەکانی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خاوەندارێتیی دامەزراوەی راگەیاندن | ٥٠ | ٢٥ % | یەکەم |
| 2 | هاوکاریی حزبیی جگە لە حیزبی خاوەندار | ٢٠ | ١٠ % | پێنجەم |
| 3 | هاوکاریی کۆمپانیا ئەهلییەکان | ٢٠ | ١٠ % | پێنجەم |
| 4 | هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان | ٢١ | ١٠,٥ % | چوارەم |
| 5 | ریکلامیی بازرگانیی (راستەوخۆ) و (ناراستەوخۆ) | ٤٥ | %٢٢.٥ | دووەم |
| ٦ | فرۆشتنی بەرهەمەکان | ١٢ | ٦ % | شەشەم |
| ٧ | هاوکاریی هاووڵاتیی (خێرخوازی) | ٢٢ | ١١ % | سێیەم |
| ٨ | یوتیوب | ١٠ | ٥ % | هەشتەم |
| کۆی گشتیی | | ٢٠٠ | ١٠٠ % | |

### أ. رێکارەکانی خستنەکاری خاوەندارێتیی وەک سەرچاوەی باربۆکردن

ئـەو (٥٠) بەرێوبـەرەی لـە خشـتەی ژمـارە (١) ئاماژەیـان پێـدراوە و خاوەندارێتـی وەک سـەرچاوەی بنەڕەتیـی دابیینکـردنی دارایـی دامەزراوەکەیـان دەزانـن، بەجۆرێـک رێکارەکانـی پەرەپێـدانی ئـەو سـەرچاوە داراییـە دیاریدەکـەن، کـە پێیـان وایـە پشـتیوانیی ئەجێنـدا و بەرژەوەندییـەکانی خاوەنـدار و گەشـەدان بـە بەرنامـە و پـلانی سیاسـیی یـان بازرگانیـی یـان حوکومەتیـی و گشـتیی، رێـکاری گرنگـی پەرەپێـدانی ئـەو سـەرچاوە داراییـەن، وەک ئـەوەی لـە خشـتەی ژمـارە (٢) رادەی بەکارهێنـانی ئـەو رێکارانـە خراوەتـەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری خاوەندارێتیی وەک سەرچاوەی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی کەسیی خاوەن | ٧٠ | ٤٦.٥ % | یەکەم |
| 2 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی حیزب | ٣٨ | ٢٥.٥ % | دووەم |
| 3 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا | ٢٢ | ١٤.٥ % | سێیەم |
| 4 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت | ٠ | ٠ % | |
| 5 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراو | ١٥ | ١٠% | چوارەم |
| 6 | پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی گشتیی (خەڵک) | ٥ | ٣.٥ % | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | | ١٥٠ | ١٠٠ % | |

پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی کەسایەتییە هەمەجۆرەکان بەڕێژەی ٤٦.٥٪ لە خستنەکاری خاوەندار وەک سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکە لە ڕێکارە هەرە دیارەکان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بتوانێت پشتیوانیی دارایی خۆی بونیادبنێت، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە دامەزراوەی ڕاگەیاندن زیاتر و بە پلەی یەکەم خاوەنداریەتییەکەیان بۆ کەسایەتییەکان دەگەڕێتەوە، چ کەسایەتیی سیاسیی یان سەرمایەدار، یا هەردووکیان، بە پلەی دووەم و بەرێژەی ٢٥.٥٪ خاوەنداریەتیی حیزبیی و پشتیوانیی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی حیزبی سیاسیی ڕێکاری دابینکردنی داراییە بۆ دامەزراوەی ڕاگەیاندن، بەدوای ئەم ڕێژەیەشدا بەڕێژەی ١٤.٥٪ خاوەنداریەتی کۆمپانیا بازرگانییەکان دێت کە ڕێکارەکەی خۆی لە پشتییوانی ئەجێندا و بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی کۆمپانیاکە دەبینێتەوە، هەریەکە لە پشتییوانی ئەجێندای ریکخراو و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی لە ڕێژەیەکی وا کەمدان کەنیشاندەری ئەوەن، ئەم جۆرە لە ڕێکاری دابینکردنی دارایی نەیتوانیووە ببێت بە خاوەندارِی دامەزراوەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، هەروەها حوکومەتیش نەیتوانیووە ببێتە خاوەنداری هیچ دامەزراوەیەک و هییچ ڕێکارێکش بۆ جووڵەی حوکومەت بۆ پشتییوانی دارایی لە ئارادا نییە و، لەهەرێمی کوردستان نائامادەیی تەواوی حوکومەت لە پشتییوانی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن هەیە.

## ب. ڕێکارەکانی خستنەکاری ریکلام وەک سەرچاوەی باربۆکردن

وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا بەیانکراوە ٤٥ لە بەڕێوەبەران، ریکلام وەک سەرچاوەی بنەڕەتیی دابینکردنی دارایی دامەزراوەکەیان ئەژماردەکەن، ئەوان بۆ دیاریکردنی ڕێکارەکانی پەرەپێدانی ریکلام پێیان وایە کە هەشت ڕێکار هەن بۆ ئەوەی بتوانرێت لێیانەوە ریکلام پەرەی پێبدرێت، لەوانە ، پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگان و کارەکانیان، پەیوەندییە گشتییەکان، بەرزکردنەوەی ڕێژەی وەرگران، دەستخستنی ناوبانگ و متمانە، دامەزراندنیی کۆمپانیای تایبەت بە بازاڕگەریی و پەخش، بەرهەمهێنانیی ریکلام، بەکارهێنانیی زۆربەی ئامرازەکانیی پەخش و بڵاوکردنەوە ، پێدانی سپۆنسەری بەرهەمەکان، هەریەک لەمانە بەرێژەی جیاواز کاری لەسەر دەکرێت، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٣) ڕادەی بەکارهێنانیی ئەو ڕێکارانە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٣): خستنەڕووی رێکاری خستنەکاری ریکلام وەک سەرچاوەی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پاراستنی بەرژەوەندی بازرگان و کارەکانیان | ٤٠ | ٢٢ % | یەکەم |
| 2 | پەیوەندییە گشتییەکان | ٢٠ | ١١ % | سێیەم |
| 3 | بەرزکردنەوەی رێژەی وەرگران | ٤٠ | ٢٢ % | یەکەم |
| 4 | دەستخستنی ناوبانگ و متمانە | ٢٠ | ١١ % | سێیەم |
| 5 | دامەزراندن کۆمپانیای تایبەت بازارگەریی و پەخش | ٨ | ٤.٥% | شەشەم |
| 6 | بەرهەمهێنانی ریکلام | ١٢ | ٦.٥ % | پێنجەم |
| ٧ | بەکارهێنانی زۆربەی ئامرازەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە | ١٦ | ٩,٥٪ | چوارەم |
| ٨ | پێدانی سپۆنسەری بەرهەمەکان | ٢٤ | ١٣.٥٪ | دووەم |
| کۆی گشتیی | | ١٨٠ | ١٠٠ % | |

پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگانەکان و کارەکانیان لەگەڵ بەرزکردنەوەی رێژەی سەرنجگیریی وەرگران، ئەو دوو رێکارەن کە بە پلەی یەکەم و بە رێژەی ٢٢٪ دەبن بە رێکاری پەرەپێدانی ریکلام وەک سەرچاوەی دابینکردنی دارایی دامەزراوەیەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە دامەزراوەی راگەیاندن زیاتر و بە پلەی یەکەم کار لەسەر راگرتنی بەرژەوەندییەکانی بازرگانان و بەرزکردنەوەی رێژەی وەرگران و گرتنی سەرنجی وەرگران دەکات بۆ دەستخستنی ریکلام.

بە پلەی دووەم و بە رێژەی ١٣.٥٪ پێدانی سپۆنسەری بەرهەمەکانە بە کۆمپانیا و خاوەن کاڵاکان رێکاری خستنەکاری ریکلامە بۆ دابینکردنی دارایی دامەزراوەی راگەیاندن.

بە دوای ئەم رێژەیەشدا بە رێژەی ١١٪ دەستخستنی ناوبانگ و متمانە لەگەڵ بەکارهێنانی پەیوەندییەکان، وەک رێکاری خستنەکاری ریکلامن لە دامەزراوەی راگەیاندن دا.

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٣) نیشاندەری ئەوەن، کە لە بەسەرچاوەکردنی ریکلام وەک باربۆکاری دامەزراوەکانی راگەیاندن، دامەزراوەکان پاراستنی بەرژەوەندی خاوەن کاڵاکان و کارکردن لەسەر سەنجگیریی وەرگرانێکی زیاتر، دەبێت بە رێکاری دەستخستنی ریکلام و داهاتی زیاتر لەڕێگەی ریکلامەوە.

## ج. رێکارەکانی خستنەکاری هاوکاری هاوڵاتی وەک سەرچاوەی باربۆکردن

لە کۆی (٢٢) بەڕێوەبەرە کە هاوکاری هاووڵاتییان یان وەرگران وەک سەرچاوەی بنەرەتی دارایی دامەزراوەی راگەیاندن دەزانن، ئەو رێکارانەی کە کاریان لەسەردەکەن بۆ دەستخستنی هاوکاری وەرگران، بریتیین لە چەند رێکاری جیاواز و بنەڕەتیی وەک ، پەیامسازیی بە ناوەرۆکی ئاینیی و پەیامسازیی خێرخوازیی و هاندانی وەرگران بۆ بەخشین بە دامەزراوەکە لە پێناوی بەردەوامییدا، هەروەها کارکردن لەسەر سۆز و دەروونی وەرگر، پەیامسازیی پەروەردەیی و فێرکاریی بەردەوام و خزمەتگوزارییەکانی وەرگران و پێشکەشکردنی پەیامی خزمەتگوزاریی، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٤) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٤): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری هاوکاری وەرگران

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەیامسازیی بە ناوەڕۆکی ئاینیی و پە خشکر د نی | ١٨ | ٢٧.٢ % | دووەم |
| 2 | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندن | ٦ | ٩.٣ % | چوارەم |
| 3 | پەیامسازیی و پەخشی بەرنامەی خێرخوازیی | ٢٤ | ٣٦.٢ % | یەکەم |
| 4 | هاندانی بەخشندەیی لە پێناو بەردەوامیی | ١٢ | ١٨.٣ % | سێیەم |
| 5 | پەیامسازیی پەروەردەیی | ٣ | ٤.٥% | پێنجەم |
| 6 | پەیامسازیی فێرکاریی | ٣ | ٤.٥% | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | | ٦٦ | ١٠٠ % | |

پەیامسازیی خیرخوازیی و پەخشی بەرنامە و پەیامە خێرخوازیەکان یەکێکە لەو ڕێکارانەی کە بەرێژەی ٣٦.٢٪ لە خستنەکاری هاوکاریی وەرگران وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەیەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا، وە بە یەکێکە لە ڕێکارە هەرە دیارەکانی ئەو دامەزراوانەی کە هاوکاریی خێرخوازان وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکەی بەکار دەهێنێت.

بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٧.٢٪ پەیامسازیی بە ناوەڕۆکی ئاینیی و پەخشی پەیامە ئاینییەکان ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی وەرگرانە بۆ دابینکردنیی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن. بەدوای ئەم ڕێژەیەشدا بە ڕێژەی ١٨.٣٪ هاندانی بەخشندەیی لە پیناو بەردەوامیی، وەک ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی هاووڵاتیان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن دا ئەژماردەکرێت.

هەریەکە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندن و پەیامسازیی پەروەردەیی و فێرکاریی، ڕێکاری ترن کە بە ڕێژەی کەمتر دەتوانن بن بە ڕێکاری پەرەپێدان و بەکار خستنی هاوکاریی وەرگران وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن، زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٤) نیشاندەری ئەوەن، لە بەسەرچاوەکردنی هاوکارییەکانی وەرگران وەک باربۆکاردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوەکان ناچار دەکات کە پەیامەکانی ڕاگەیاندنیان لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی ئاینیی و پەیامی خیرخوازیی بن، هەتا بتوانن هاوکاریی لە وەرگران وەربگرن بۆ بەردەوامییان لە کاری ڕاگەیاندن و پەیامسازیی.

### د. ڕێکارەکانی خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان وەک سەرچاوەی باربۆکردن

(٢١ ) بەڕێوەبەر کە لە خشتەی ژمارە (١)دا هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان، وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی دارایی دامەزراوەی ڕاگەیاندن ئەژماردەکەن، ئەو ڕێکارانەی کە کاریان لەسەردەکەن تا پەرە بە هاوکاریەکانیی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان بدەن، خۆیان دەبیننەوە لە چەند ڕێکاری جیاوازی وەک ، پشتیوانیی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆی کەسایەتیی سیاسیی یان بازرگان و سەرمایەدار، ریکلامکردن بۆ کاڵا بازرگانییەکان و بەرژەوەندییە سیاسییەکان، دابینکردنیی بەرهەم و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ کەسایەتییەکان. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) ڕادەی بەکارهێنانی ئەو ڕێکارانە خراوەتەڕوو.

پشتیوانیی نا ڕاستەوخۆی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان، یەکێکە لەو ڕێکارە کاریگەریانەی کە بە ڕێژەی ٣٨٪ لە خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا، کاریگەرە بۆ ئەو دامەزراوانەی کە پشت بە هاوکاری کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان دەبەستن.

خشتەی ژمارە (٥): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پشتیوانیی ڕاستەخۆ | ١٠ | ٢٤ % | سێیەم |
| 2 | پشتیوانیی ناڕاستەوخۆ | ١٦ | ٣٨ % | یەکەم |
| 3 | ڕیکلامکردن | ١٢ | ٢٨.٥ % | دووەم |
| 4 | پەیامسازیی و دابینکاریی | ٤ | %٩.٥ | چوارەم |
| کۆی گشتیی | | ٤٢ | ١٠٠ % | |

بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٨.٥٪ ریکلامکردن بۆ کاڵا بازرگانییەکان و بەرژەوەندیی و هێزی سیاسیی کەسایەتیی سیاسیی و بازرگانیی، وەک ڕێکارێکە بۆ بەکارهێنانیان وەک سەرچاوەی دارایی، بەدوای ئەویشدا بە ڕێژەی ٢٤٪ پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانییەکان وەک ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندن دا ، پەیامسازیی و بەرهەمهێنانی پەیامی ڕاگەیاندن لەگەڵ دابینکاریی ئامراز و ئامێری ڕاگەیاندن، ڕێکاری ترن بە ڕێژەی کەمتر دەتوانن ببن بە ڕێکاری خستنەگەڕی هاوکاریی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان.

زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٥) نیشاندەری ئەوەن، لە بەسەرچاوەکردنی هاوکارییەکانی کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکان، وەک پارەدارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوەکان پێویستیی بەوەیە کە دامەزراوەکان لە کار و پەیامسازییاندا بەرێژەیەکی زیاد کار لەسەر پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی کەسایەتییە بازرگانیی و سیاسییەکان بکەن و، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت و پەرەیان پێبدەن.

## هـ- ڕێکارەکانی خستنەکاری هاوکاریی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانیەکان، وەک سەرچاوەی باربۆکردن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان

ئەو (٢٠) بەڕێوەبەرەی کە هاوکاریی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان، وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی دارایی دامەزراوەکەیان دەزانن، خستنەکاری ئەم سەرچاوەیە دەبەستنەوە بە چەند ڕێکارێکی جیاوازی وەک پاراستنی بەرژەوەندی سایاسیی و ئابووریی، گەشەپێدانی ئایدیا جیاوازەکان چ لەڕووی سیاسیی و چ بازرگانیی، بانگەشەکردنی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ بۆ کار و چالاکییە سیاسیی و بازرگانییەکان، دژایەتیینەکردنی کار و ئایدیای سیاسیی و بازرگانیی، بە بازاڕکردنی خواست و کاڵاکانیان. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٦) ڕادەی بەکارهێنانی ئەو ڕێکارانە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٦): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری هاوکاریی حیزب سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پاراستنی بەرژەوەندییەکان | ١٦ | ٣٠ % | یەکەم |
| 2 | گەشەپیدانی ئایدیا | ٦ | ١٠ % | پێنجەم |
| 3 | بانگەشەکردن | ١٢ | ٢٠ % | سێیەم |
| 4 | دژایەتیینەکردن | ٩ | %١٥ | چوارەم |
| ٥ | بە بازاڕکردنیی خواست و کاڵاکان | ١٥ | %٢٥ | دووەم |
| کۆی گشتیی | | ٦٠ | ١٠٠ % | |

پاراستنی بەرژەوەندیەکانی حیزبی سیاسیی یان کۆمپانیا بازرگانییەکان یەکێکە لەو رێکارە کاریگەرانەی کە بەرێژەی ٣٠٪ لە خستنەکاری هاوکاریی حیزب سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان، بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی دامەزراوەیەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا. بە پلەی دووەم و بە رێژەی ٢٥٪ بەبازاڕکردنی خواستی سیاسیی و بازرگانیی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان، وەک رێکارێک بۆ بەکارهێنانیان لە باربۆکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن دەگیرێتەبەر. بانگەشەکردن بۆ ئایدیا و کردە سیاسیی و کاڵا بازرگانییەکان بە رێژەی ٢٤٪ وەک رێکاری خستنەکاری هاوکاریی حیزب سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان لە دامەزراوەی راگەیاندن دا ئەژماردەکرێت.

گەشەپێدانی ئایدیا و دژایەتیینەکردنی پەیام و کردە سیاسیی و بازرگانییەکانیش بە رێژەی جیاواز و کەمتر، رێکاری ترن کە لە رێگەیانەوە دەتوانن ببنە رێکاری خستنەگەڕی هاوکاریی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان وەک سەرچاوەی دارایی دامەزراوەی راگەیاندن.

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٦) نیشاندەری ئەوەن، لە بەسەرچاوەکردنی حیزبی سیاسیی و کۆمپانیا بازرگانییەکان وەک کەسایەتی مەعنەویی بۆ پاردارکردنی دامەزراوەکانی راگەیاندن، پێویستە دامەزراوەکان لە کارو پەیامسازییاندا بەرژەوەندییە سیاسیی و بازرگانییەکان بپارێزن و بەئاگاوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانە بکەن. لەدوای ئەوەش خواستە بازرگانیی و سیاسییەکان بە پرۆسەی بەبازاڕکردندا ببەن و بیخەنە بەردەست جەماوەر و بیانکەن بە پێویستیی ژیان و فەرهەنگیان تا بە قۆناغی پەسەند دەگات.

وـ رێکارەکانی خستنەکاری فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن وەک سەرچاوەی باربۆکردن

فرۆشتنی بەرهەمی راگەیاندن لە بازاڕی راگەیاندندا یەکێکە لە سەرچاوەکانی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن، (١٢) بەڕێوەبەرە کە بەرێژەی ١٦٪ فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن بە سەرچاوەی باربۆکردنی دامەزراوەی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دەزانن، خستنەکاری ئەم سەرچاوەیە دەبەستنەوە بە چەند رێکارێکی جیاوازی وەک بەرهەمهێنانی پەیامە زانستییەکان، بەرهەمهێنانی وانە فێرکارییەکان، فلم و دراماکان، مۆسیقا و میلۆدییەکان، کتێب و چاپەمەنییەکان، خواستەکانی کڕیاران بە گشتیی. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٧) رادەی بەکارهێنانی ئەو رێکارانە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٧): خستنەڕووی رێکاری خستنەکاری فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرهەمهێنانی پەیامە زانستییەکان | ٨ | ١٦ % | چوارەم |
| 2 | بەرهەمهێنانی وانە فێرکارییەکان | ١٢ | ٢٤ % | یەکەم |
| 3 | بەرهەمهێنانی فلم و دراماکان | ٤ | ٨ % | شەشەم |
| 4 | بەرهەمهێنانی مۆسیقاو میلۆدییەکان | ٧ | %١٤ | پێنجەم |
| ٥ | بەرهەمهێنانی کتێب و چاپەمەنییەکان | ٩ | %١٨ | سێیەم |
| ٦ | بەرهەمهێنانی خواستەکانی کڕیاران | ١٠ | %٢٠ | دووەم |
| کۆی گشتیی | | ٥٠ | ١٠٠ % | |

بەرهەمهێنانی وانە و ڤیدیۆ و نووسیین و بابەتە فێرکارییەکان لە لایەن دامەزراوەکانی راگەیاندن، یەکێکە لە رێکارە دیار و کاریگەرەکان کە بەرێژەی ٢٤ ٪ و بە پلەی یەکەم دێت لە خستنەکاری فرۆشتنی بەرهەمەکانی راگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی، هەر دامەزراوەیەکی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا. بە پلەی دووەم و بە رێژەی ٢٠٪ بەرهەمهێنانی خواستەکانی کڕیار لە بازاڕی راگەیاندن وەک رێکارێک بۆ خستنەکاری

فرۆشـتنی بەرهـەم بـۆ دەستخسـتنی داهـات بەکاردەهێنرێـت.

بەرهەمـەکانی کتێـب و چاپەمەنییـە جۆراوجۆرەکانیـش بەڕێـژەی ١٨٪ وەک ڕێکاریـی خسـتنەکاری ئـەو سـەرچاوەیە ئەژماردەکرێـت، بەرهەمهێنانـی بابەتـە زانسـتییەکان و مۆسـیقا و میلـۆدی بـە ڕێـژەی جیـاواز و نزیـک لـە یەکـتر، دوو ڕێکاریـی تـری خسـتنەکاری ئـەو سـەرچاوەیەن، بـە کەمتریـن ڕێـژەش بەرهەمهێنـانی فلـم و درامـا لـە لایـەن دامـەزراوەکانی راگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان پشـتی پێدەبەسـترێت، زانیاریـەکانی خشـتەی ژمـارە (٧) نیشـاندەری ئـەوەن کـە لـە بەسـەرچاوەکردنی فرۆشـیی بەرهەمەکانیـی راگەیانـدن بـۆ باربۆکـردنی دامەزراوەکانـی راگەیانـدن، پێویسـتی بەوەیـە کـە دامـەزراوەکان لـەکارو پەیامسـازییاندا کار لەسـەر بەرهەمهێنانیـی بابـەتی فێرکاریـی و خواسـتی کریـاران بکـەن هەتـا فرۆشـتنی بەرهەمەکانیـان زیاتـر بێـت.

## و- ڕێکارەکانی خستنەکاری کەناڵی یوتییوب وەک سەرچاوەی باربۆکردن

بەکارهێنـانی کەناڵـی یوتییـوب و بەشـداریکردن تیایـدا، وەک مۆدیلێکـی نوێـی کاری راگەیانـدن بـووە بـە یەکێـک لـە سـەرچاوەکانی باربۆکـردنی دامـەزراوەی راگەیانـدن، ئـەو (١٠) بەڕێوەبـەرەی کـە بـە ڕێـژەی ١٣.٣٪ یوتییـوب بـە سـەرچاوەی باربۆکردنـی دامـەزراوەی راگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان دەزانـن، خسـتنەکاری ئـەم سـەرچاوەیە دەبەسـتنەوە بـە چەنـد ڕێکاریکـی جیـاوازی وەک، بەشـدارییکردنی بـەردەوام و چالاکانـە، بەرهەمهێنـان لەسـەر بنەمـای سـەرنجگیریی وەرگر، کارکـردن لەسـەر ئەسـتێرەکانی هونـەر و وەرزش، بەرهەمهێنـانی پەسـەندکراوی گشـتیی، کۆکردنـەوەی بەشـداربووان، وەک ئـەوەی لـە خشـتەی ژمـارە (٨) رادەی بەکارهێنـانی ئـەو ڕێکارانـە خراوەتـڕوو.

خشتەی ژمارە (٨): خستنەڕووی ڕێکاری خستنەکاری کەناڵی یوتییوب وەک سەرچاوەی باربۆکردن

| ز | گۆڕاوەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەشدارییکردنی بەردەوام و چالاکانە | ١٠ | ٢٢ % | دووەم |
| 2 | بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای سەرنجگیریی وەرگر | ١٢ | ٢٦.٥ % | یەکەم |
| 3 | کارکـردن لەسـەر ئەسـتێرەکانی دونیـای راگەیانـدن و سـینەماو .... | ٦ | ١٣.٥ % | پێنجەم |
| 4 | بەرهەمهێنانی پەسەنکراوی گشتیی | ٨ | ١٧.٥% | چوارەم |
| ٥ | کۆکردنەوەی بەشداربووان | ٩ | ٢٠% | سێیەم |
| کۆی گشتیی | | ٤٥ | ١٠٠ % | |

بەرهەمهێنـان لەسـەر بنەمـای سەرنجراکێشـانی وەرگـران لـە لایـەن دامـەزراوەکانی راگەیاندنـەوە، یەکێکـە لـە ڕێـکارە دیـارەکان کـە بەرێـژەی ٢٦.٥ ٪ و بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە خسـتنەکاری یوتییـوب بـۆ بەدەسـتهێنانیی سـەرچاوەی دارایـی دامەزراوەیەکـی راگەیانـدن. بـە پلـەی دووەم و بـە ڕێـژەی ٢٢٪ بەشـداریکردنی چالاکانـە و بەردەوام لـە یوتییوب بـە بەرهەمـی نـوێ لـەو ڕێکارانـەن کـە خراونەتـەڕوو وەک ڕێکارێـک بـۆ خسـتنەکاری یوتییـوب بـۆ بەدەسـتهێنانی داهاتـی دامـەزراوەکانی راگەیانـدن.

زیادکـردنی ڕێـژەی بەشـداربووان بـە هـەر ڕێکارێـک بێـت، بـە ڕێـژەی ٢٠٪ وەک ڕێـکاری خسـتنەکاری یوتییـوب لـە دامـەزراوەی راگەیانـدن دا ئەژماردەکرێـت. کارکـردن لەسـەر ئەسـتێرەکان و بەرهەمـە پەسـەندە گشـتییەکان بەڕێـژەی جیـاواز و نزیـک لـە یەکـتر دوو، ڕێـکاری تـری خسـتنەکاری ئـەو سـەرچاوەیەن. زانیارییـەکانی خشـتەی ژمـارە (١٠)

نیشـاندەری ئـەوەن کـە کارکـردن لەسـەر سـەرنجی وەرگـر و جەمکـردنی سـەرنجی وەرگـران بـۆ خسـتنەکاری یوتییـوب ، پێویسـتی بەوەیـە کـە دامـەزراوەکان لـە کارو پەیامسـازییاندا کار لەسـەر سەرنجراکێشـی وەرگـران بکـەن و، بـەدوای رەگـەزی سـەرنجگیریی و سەرنجڕاکێشـانی وەرگرانـەوە بـن، هەتـا بتوانێـت یوتییوبێکـی چـالاک و پـر بینـەری هەبێـت، کـە ئەمـەش لـە بـە سـەرچاوەکردنی یوتییـوب بـۆ باربۆکـردنی دامـەزراوەکانی راگەیانـدن رۆڵـی گرنـگ دەبێنێـت.

# بەشی چوارەم: ئەنجامەکان و راسپاردەکان

## ١.ئەنجامەکان

### توێژینەوەکە پاش خستنەڕووی زانیارییەکان گەشتووە بە چەند ئەنجامێک، لەوانە:

- لـە گرنگتریـن سـەرچاوەکانی باربۆکـردن لـە دامەزراوەکانیـی راگەیانـدنی هەرێمـی کوردسـتان، بەپلـەی یەکـەم خاوەنداریێتیـی دامەزراوەکانـە، بەتایبـەت خاوەنداریێتیـی کەسـایەتـی سیاسـیی و بازرگانیـی، پاشـان خاوەنداریێتیـی حیزبیـی، هەروەهـا بەپلـەی دووەم ریـکلام دێـت بەشـێوەی راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ. وەک لـە خشـتەی ژمـارە (١) دا دەردەکەوێـت.

- حوکومـەت نەیتوانییـووە ببێـت بـە خاوەنـداری هیـچ دامەزراوەیەکـی راگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان، هیـچ رێکارێکیـش بـۆ جوڵـەی حوکومـەت بـۆ پشـتیوانی دارایـی راگەیاندنـەکان لـە ئـارادا نییـە و لەهەرێمـی کوردسـتان نائامادەیـی تـەواوی حوکومـەت هەیـە، لـە پشـتیوانیی دارایـی دامـەزراوەی راگەیانـدن دا، وەک لـە خشـتەی ژمـارە (١) دا دەردەکەوێـت کـە هیـچ یەکێـک لـە بەڕێوەبـەران ئامـاژەی بـە حوکومـەت نـەداوە وەک سـەرچاوەی باربۆکـردنی دامـەزراوەی راگەیانـدن.

- بەسـەرچاوەکردنی ریـکلام بـۆ باربۆکـردنی دامەزراوەکانـی راگەیانـدن پەیوەسـت بـە پاراسـتنی بەرژەوەندیـی خـاوەن کاڵاکان و کارکـردن لەسـەر سەرنجراکێشـی وەرگرانێکـی زیاتـر لـە پەیامسـازییدا هەیـە، کـە پەیوەندییەکـی راسـتەوانە لەنێـوان ئـەو دوو گـۆڕاوەدا هەیـە، وەک لـە خشـتەی ژمـارە (٣) دا بەیانکـراوە.

- ئـەو دامەزراوانـەی کـە پشـت بـە هاوکاریـەکانی وەرگـران بـۆ باربۆکـردنی دامەزراوەکانیـان دەبەسـتن، پەیامەکانیـان لـە چوارچێـوەی ناوەڕۆکـی ئاینیـی و پەیامـی خێرخوازیـی دەسـازێنن، هەتـا بتوانـن هاوکاریـی لـە وەرگـران بەدەسـبهێنن بـۆ بەردەوامییـان لـە کاری پەیامسـازیی. وەک لـە خشـتەی ژمـارە (٤) دا دەرکەوتـووە.

- هاوکارییـەکانی کەسـایەتییە سیاسـیی و بازرگانـەکان وەک باربۆکـردنی دامـەزراوەکانی راگەیانـدن، دامـەزراوەکان پەیوەسـتدەکات بـەوەی کـە لـە کارو بەرهەمەکانیانـدا بـە رێژەیەکـی زیاتـر، کار لەسـەر پشـتیوانیی ناراسـتەوخۆی کەسـایەتییە بازرگانیـی و سیاسـییەکان بکـەن و بەرژەوەندییەکانیـان بپارێـزن و پەرەیـان پێبـدەن. وەک لـە زانیارییـەکانی خشـتەی ژمـارە (٥) دا دەرکەوتـووە.

- پشـتیوانی دارایـی حـزبی سیاسـیی و کۆمپانیـا بازرگانییـەکان بـۆ باربۆکـردنی راگەیانـدن، دامـەزراوەکان دەخاتـە بـەردەم رێـکاری پەیامسـازیی بەجۆرێـک کـە بەرژەوەندیـە سیاسـیی و بازرگانییـەکانی تیـا پارێزراوبێـت. وەک لـە زانیاریـەکانی خشـتەی ژمـارە (٦) دا وا نیشـاندراوە.

- لـە بەسـەرچاوەکردنی فرۆشـتنی بەرهەمەکانـی راگەیانـدن بـۆ باربۆکـردنی دامـەزراوەکانی راگەیانـدن، پێویسـت بەوەیـە کـە دامـەزراوەکان لـە کار و بەرهەمەکانیانـدا کار لەسـەر بەرهەمهێنـانی بابەتـە فێرکارییـەکان و خواسـتی کڕیـاران بکـەن هەتـا فرۆشـی بەرهەمەکانیـان زیاتربێـت، هەروەهـا چاپەمەنییـش رۆڵـی سـنورداریی هەیـە لـە بـە سـەرچاوەکردنی

فـرۆش بـۆ باربۆکـردنی دامەزراوەکانـی راگەیانـدن. وەک لـە زانیارییـەکانی خشـتەی ژمـارە (٧)دا بەیانکـراوە
- کارکـردن لەسـەر سـەرنجی وەرگـر و گردوکـۆی سـەرنجی وەرگـران بـۆ خسـتنەکاری یوتیـوب، وەک سـەرچاوەی باربۆکـردنی راگەیانـدن، پێویسـتیی بەوەیـە کـە دامـەزراوەکان کار لەسـەر سەرنجراکێشـی وەرگـران بکـەن و، بـەدوای رەگـەزی سـەرنجگییریی وەرگرانـدا بگەڕێـن. وەک لـە زانیارییـەکانی خشـتەی ژمـارە (٨) دا دەرکەوتـووە.

٢.پێشنیار بۆ دەزگاکان

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێیگەیشتووە، ئەم پێشنیازانە بۆ توێژەران دەخاتەڕوو

ـ توێژینەوە لەسەر (رۆڵی بەرهەمهینانی راگەیاندن لەسەر پەرەپێدان بە سەرچاوەکانی باربۆکردن)

ـ توێژینـەوە لەسـەر (کاریگەریـی خاوەنداریێتیـی لەسـەر سـەرچاوەکانی باربۆکـردنی دامـەزراوەی راگەیانـدن لەهەرێمـی کوردستان)

- توێژینـەوە لەسـەر (کاریگـەری بـازاڕی راگەیانـدن لەسـەر پەرەپێـدان بە بەرهەمـە میدیاییـەکان لـە کەناڵەتەلەفزیۆنییە کوردییەکان دا)

ـ توێژینەوە لەسەر (رێکارەکانی زیاترکردنی دەرامەتی راگەیاندن لە رێگەی کەناڵی یوتیووبەوە)

٣.راسپاردە بۆ توێژەران

لەسـەربنەمای ئەنجامـەکان، توێژینەوەکـە ئـەم راسـپاردانە دەخاتـە بـەردەم دامـەزراوەکانی راگەیانـدن بـۆ پەرەپێـدان بـە سـەرچاوەکانی باربۆکـردن.

- لەسـەر بنەمـای ئـەم توێژینەوەیـە کـە سـەرچاوەکانی باربۆکـردن و رێـکارەکانی خسـتنەکاری ئەوسـەرچاوانەی بەیانکـردووە، توێژینـەوە بکرێـت لەسـەر کاریگەریـی پرۆسـەی پەیامسـازیی لەسـەر خسـتنەکاری سـەرچاوەکانی باربۆکـردن و کاریگەرێتیـی سـەرچاوەکانیش لەسـەر پرۆسـەی پەیامسـازیی، کـە توێـژەر ئێسـتە لەکاردایـە بـۆ لێکۆڵینەوە لـەو بارەیـەوە.

- بەجێهێنانـی توێژینـەوە لەسـەر هێـز و داینەمیکیـی پرۆسـەی بەرهەمهێنـانی راگەیانـدن، بـۆ گەشـەی ئابووریـی دامەزراوەکـە و خۆژێنیـی بـە هێـزی پەیامسـازیی راگەیانـدن، لـە پێنـاوی ئـەوەی دامـەزراوەکانی راگەیانـدن بتوانـن بـە بەکارخسـتنی ئـەو هێـزە لـە پەیامسـازییدا سـەرچاوەی دارایـی زیاتـر بخەنـە خزمـەت باربۆکـردنی دامەزراوەکـە.

- بەجێهێنانـی توێژینـەوە لەسـەر خسـتنەڕووی رێـکارەکانی خسـتنەکاری پەیوەندیـەکان لـە دامـەزراوەی راگەیانـدن لەگـەڵ دامـەزراوە بازرگانییـەکان، بـۆ خسـتنەکاری ریـکلام وەک سـەرچاوەیەکی دارایـی بەهێـز لـە پاڵپشـتی ئابـووری راگەیانـدن دا.

- تویژینـەوە لەسـەر کاریگەرییـەکانی پەیامـی میدیایـی لەسـەر ئاوێتەکـردنی پەیامـەکانی میدیـا لەگـەڵ تایبەتمەندیتـەکانی سۆشـیاڵ میدیـا، بـە نموونـە یوتیـووب. بـە بەشـداریی بـەردەوام و سـەرنجراکێش بـۆ خسـتنەکاری یوتیـووب وەک سـەرچاوەی باربۆکـردن و دەستخسـتنی داهـات.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی

- جـوان صـلاح حسـین، کاریگەریەتـی تەنگـژەی دارایـی لەسـەر سـەرچاوەداراییەکانی دامەزراوەکانـی راگەیانـد لـە هەرێمـی کوردسـتان، نامـەی ماسـتەری بلاونەکـراوە، زانکـۆی سـلێمانی، هەرێمـی کوردسـتان، عێـراق، ٢٠٢٠ زاینـی.

سەرچاوەی عەرەبی

ـ محمـود عـزت و نضـال فـلاح ، الادارة الاعـلام واقتصادياتـة، دار العصـام العلمـي، الاردن، عـمان، طبـع الاول، ٢٠١٨ ميـلادي.

ـ مصطفـى يوسـف كافى، اقتصاديـات صناعـة الاعـلام، دار الحامـد للنـشر والتوزيـع، الاردن، عـمان، طبـع الاول، ٢٠١٥ ميـلادى.

ـ زوهـرة جقريـف، اقتصـاد وسـائل الاعلامـي في الجزائـر دراسـة ميدانيـة حولـة مؤسسـتي «خـبر» و الـشروق»، طؤظـارى زانسـتي (العلـوم النسـانية)، ذمـارة ٤٧، ل ١٥-٢٧، ٢٠١٧.

## سەرچاوەی فارسی

ـ الن بی الباران، اقتصاد رسانه، ترجمه رچا نوایی، انتشار مهکامه، تهران، ایران، چاپ اول، ١٣٩٨ شمسی.

ـ طاهر روشندل اربطانی ، مدیریت رسانه ، مجله مدیرت رسانه، شماره ٤، تهران، ایران، ١٣٨٥ شمسی.

ـ لـوس کونـگ، مدیریـت راهـبردی رسـانه از نقریـه تـا اجـرا، ترجمـه علـی اکـبر فرهنگـی، علیرچـا قراگزولـو، مریـم خگیـب زاده، نـشر دانـژه، تهـران، ایـران، چـاپ دوم، ١٣٩٢ شمسـی.

ـ سـیاوش صلواتیـان، مهـدی محسـینی، مگالعـه شـیوه هـای تامیـن مالـی شـازمان هـای رسـانه ای رادیـو و تلویزیـون عمومـی تحـت مالکیـت دولتـی در دنیـا، فصلنامـه رسـانه، شـماره ١٠١، ١٣٩٤ شمسـی

ـ زینب شریف کاچمی، اقتصاد رسانه، دانشگاه جامع علمی کاربردی، ١٣٩٦ شمسی.

ـ حسـن قربانـی و سـید ابوالفچـل ابوالفچلـی و حسـن قربانـی، بررسـی نقـش تعدیلکننـده عـدم اعـتماد بـه اجتنـاب از تبلیغـات اینترنتـی، نشریـه مدیریـت فنـاوری اگلاعـات، دوره ١ ،شـماره ٢ ،بهـار و تابسـتان

ـ نـارس ام تریوتلـر، اقتصـاد رسـانه رویکـردی نقـری رسـانه ای، و. محمـد حـق شـناس، مجلـه پیـام پژوهـش، سـال هشـتم، شـماره ٩١، ١٣٩٣ ش

# اجراءات تنمية موارد التمويل في عملية الانتاج في مؤسسات اقليم كوردستان

## الملخص

يختـص هـذا البحـث بالجانـب الاقتصـادي للإعـلام في المؤسسـات الإعلاميـة لإقليـم كوردسـتان ، بمعنـى أن الاقتصـاد القـوي هـو وسـيلة تحقيـق واسـتدامة مؤسسـة إعلاميـة، ويتـم ذلـك مـن خـلال البحـث وأنـواع العوامـل وأهميـة سـوق الإعـلام ، بحيـث تكـون الفـرص المتاحـة للمؤسسـات الإعلاميـة حتميـة لتوفـير الميزانيـة اللازمـة والمسـتمرة في السـنوات الماليـة للمؤسسة.

تؤكّـد هـذه الدراسـة عـلى عـرض تلـك التدابـير والإجـراءات التـي توفّـر مصـادر إيـرادات التمويـل في المؤسسـات

الإعلامية بإقليم كوردستان. جمعت الدراسة البيانات من خلال استمارة خاصة موزّعة بين المؤسسات الإعلامية في إقليم كوردستان، حيث ملئت الاستمارة من قبل مدراء المؤسسات و مسؤولي أقسام ومراكز تلك المؤسسات. وبحسب الترتيب المناسب وتحديد رتبة الإجراءات التشغيلية لكل المصادر التمويلية في المؤسسات الإعلامية بإقليم كوردستان، حققت الدراسة أهدافاً مهمة، أهمّها أنّه لا يوجد تمليك الدولة للمؤسسات الإعلامية في الإقليم، ولم تعمل المؤسسات الإعلامية أيّ شيء لجعل الدولة مصدراً من مصادر تمويلها. وبالمقابل كانت حماية مصالح وأجندات الشخصيات السياسية طريقاً لتمويل تلك المؤسسات من قبل هؤلاء الشخصيات السياسيّة. كما أنّ انتاج و نشر الرسالة الدينية و الخيريّة أدت إلى تمويل المؤسسات من قبل الجماهير و الأغنياء الأسخياء. بالإضافة إلى أنّ بثّ وانتاج الرسالة التعليمية و التربويّة أدّى إلى زيادة فرص البيع في السوق الإعلامي، وللاستفادة من اليوتيوب وصنع الرسائل الإعلامية المثيرة و أنشطتها في اليوتيوب، جعلت اليوتيوب مصدراً من مصادر تمويلها.

## Development of procedures for financing resources in the production process in the institutions of the Kurdistan Region

**Abstract**

The importance in the economy of media is to know the media market so that media institutions can access financial opportunities in this market, find sources of funding revenue and work on them, and the first step to working on these sources was to realize the procedures that develop those sources. The study collected data through a special form distributed among the media institutions in the Kurdistan Region, where the form was filled out by the directors of the institutions and officials of the departments and centers of those institutions. According to the appropriate arrangement and the rank of the operational procedures for all the funding sources in the media institutions in the Kurdistan Region, the study achieved important goals, the most important of which is that there is no state ownership of media institutions in the region, and the media institutions did nothing to make the state a source of their funding. On the other hand, protecting the interests and agendas of political figures was a way of financing these institutions by these political figures. The production and dissemination of the religious and charitable message led to the financing of institutions by the masses and the generous rich. In addition to the broadcasting and production of the educational message that led to an increase in sales opportunities in the media market, and to benefit from YouTube and create exciting media messages and its activities on YouTube, YouTube made YouTube a source of its funding.